# زمان و بیرکردنەوەی شیعری

**پێشکێشە بە:**

- **نالی**
- **مەولەوی**
- **ئەنوەر قادر محەمەد**
- **سەباح ڕەنجدەر**

کە دەستیان لەسەر شیعری کوردی داگرت و لە درێژدادڕی و ڕووکارییەوە گواستیانەوە بۆ کورتبێژی و قووڵی.

# زمان و بیرکردنەوەی شیعری

حەکیم مەلاساڵح

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن
و
چاپ و بڵاوکردنەوە

بەڕێوەبەرایەتی هەولێر
ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی

**هەولێر- گەڕەکی ڕاستی/**
**نزیك گەراجی بەغدا**
**ژمارەی تەلەفۆن:**

سەرپەرشتیاری گشتی
سیروان عوسمان

ناوی کتێب: زمان و بیرکردنەوەی شیعری

ناوی نووسەر: حەکیم مەلا ساڵح

بابەت: لێکۆڵینەوەی ئەدەبی

تایپ و هەڵەگری و ڕێنووس: نووسەر

نەخشەسازی ناوەڕۆك: سامی عەلی بندیان

نەخشەسازی بەرگ: میدیا ئیبراهیم شکاك

تیراژ: 500 دانە

چاپ: چاپخانەی ڕۆشنبیری – هەولێر/ 2016

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانەگشتییەکان/ هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردنی (571) ساڵی 2016ی پێدراوە

# ناوەرۆك


شارەزایی زمان، یان دۆزینەوەی قووڵایی وشە.......... 7

ڕووداو و سەرچاوەی سرووشی شیعری................. 21

شێوازی زمان و ئاراستەی زمان لە شیعری هاوچەرخی 31

پاشكۆی (1)................................. 74

پاشكۆی (2)................................. 87

پاشكۆی (3)................................. 88

# شارەزایی زمان، یان دۆزینەوەی قووڵایی وشە

سالآنێکە بە تاسە و تامەزرۆییەوە شیعر لە دوای شیعری (**سەباح ڕەنجدەر: 1965/11/18**) دەخوێنمەوە و تۆوی نێرگسی شیعر لە کێڵگەی بیرکردنەوەمدا دەوەشێنێت، ئێستاش ماوەیەکە سەرگەرمی خوێندنەوەی کۆشیعری: (خەون وا خۆی گێڕایەوە)ی ئەم شاعیرەم و لە ئاکامدا هاتمە سەر ئەوەی، کە سەرنج و تێبینیی خۆمی لەبارەوە بنووسم، ئەگەرچی سەرقاڵی پرۆژەی ئەدەبیی ترم، بەڵام شیعرەکان هەموو کارێکیان لە دەست سەندم، چونکە خوێندنەوە هەڵدەگرن و پێویستییان بەوە هەیە، لە سەریان بوەستی و بە وردی و خۆتەرخانکردنەوە بیانخوێنیتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی، کە ئەم شاعیرەمان.

**یەکەم:**

لەناو ئەو دنیا قەرەباڵغەی شیعری کوردیدا شێواز و پێکهاتەی خۆی هەیە و بە دەنگێکی جیاوازەوە لە مینبەری شیعرەوە دەپەیڤێ.

**دووەم:**

شیعرەکان لە خانەی (سهل ممتنع- سانایی خۆبەدەستەوە نەداو) دەرچوون و شیعری قووڵ و هێمادارن.

## سێیەم:

هەروەکو شاعیر خۆی لە لاپەڕە (16)ی مانیفێستەکەیدا دیاری کردووە و دەڵێ: (جۆرێك پەرتی و بایەخنەدان بە یەکێتیی بابەتم وەك ڕەگەزی کتوپڕی پەیڕەو کردووە، ئەم هونەرەش لە شیعری کلاسیکی کوردییەوە فێربووم، لە شیعری کلاسیکی یەکێتیی بابەت نییە، بەڵکو یەکێتیی دێڕ هەیە، من ئەم یەکێتیی دێڕەم گۆڕیوە بۆ یەکێتیی وێنە).

واتە لە ڕواڵەتدا وێنەی لێك پچڕاو (صور تنازع) ڕست دەکات، بەڵام لە ناوەڕۆکدا مەبەستێك: بەیەکەوە گرێیان دەدا.

## چوارەم:

شیعرەکان بە قوفڵی هێما و ئاماژە داخراون و کلیلی تایبەتیی خۆیان دەوێت بۆ دەرگا لەسەر والاکردنیان، ئەمەش مەرجی شیعری تۆکمە و چەند چین و قووڵە.

## پێنجەم:

ئەم شاعیرەشمان لە شاعیرە سرکەکانە و هەروا بە ئاسانی شیعر بە دەستەوە نادات، بەڵکو پێویستە هونەری کەویکردنی شارەزا بیت.

* * *

کۆشیعری: (خەون وا خۆی گێڕایەوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارتی پەروەردە، هەولێر 2004) لە سێ شیعر و ڕۆمانە شیعرێك: (سرووش)، (بلیمەت)، (پێغەمبەر)، (زێوان) پێکهاتووە، کە بەرهەمی ساڵانی 1984 تا 2004. شیعرەکان لە شێوەی قەسیدەی درێژدا نووسراون و هەر شیعرەیان بۆ خۆی نامیلکەیەکە. ئەوەی زۆر شایانی گوتن بێت ئەوەیە، کە هەموویان یەك دەنگی و یەك نەفەسییان پێوە دیارە. واتە دەستداگرتن لەسەر وشە و تەرکیب و رستە، هەروەها مۆسیقای دەروونی لە هەر چواریاندا چوونیەکە، ئەمەش لەو هەنگاوانەیەتی، کە بە رەنگی جیاواز تەماشا بکرێت، مەبەست ئەوەیە زۆر شاعیری ترمان هەیە، کە جیاوازیی دەنگ و مۆسیقا لە شیعرێکیەوە بۆ شیعرێکی تر جیاوازە، هەرچەندە جیاوازیی ئەم دەنگ و مۆسیقایە نابێتە خەوش بۆ شیعر، بە مەرجێ شیعرەکە بە پێوانەی شیعر بێت، بەڵام من بۆ خۆم کە دەمێکە بە دواداچوونم لەبارەی شیعری کۆن و نوێی کوردییەوە هەیە، ئەوەم بەلاوە پەسەندە، کە شاعیر هەوڵ بدات یەکڕەنگ بێت، چونکە ئەم یەکڕەنگییە ناسنامەی تایبەت بۆ شاعیر دروست دەکات، یەکڕەنگی مەبەستم لە شێوازی دەربڕینی شیعرە، نەك بابەت و ناوەڕۆك. بۆ نموونە (**نالی: 1800 - 1856**) لە رووی ناوەڕۆکەوە شیعری بۆ (سروشت، فەلسەفە، ئەڤین، داشۆرین، دین) نووسیوە، بەڵام لە هەر هەموویاندا شێوازی دەربڕین هەر یەکێکە و دەکرێ لە کوردیدا پێی بڵێین شیعری نالییانە. (**مەلای جزیری: 1570 - 1640**)، (**مەولەوی: 1806 - 1882**)، (**مەحوی: 1830 - 1906**)ش

بە هەمان شێوەن. واتە دەستیان بۆ چەند بابەت بردووە، بەڵام شکڵ و شێوازی دەربڕین یەکێکن.

* * *

(خەون وا خۆی گێڕایەوە) زۆری بەخۆوە ماندوو کردم، کە بەم چەشنە شاعیر، خوێنەر لەسەر شیعری خۆی دەگیرسێنێتەوە، بەڕاستی تاکو ئێستا کۆدەکانی ئەم ئەزموونەم بە تەواوی بۆ نەکراوەتەوە، تابتوانم خوێندنەوەیەکی ورد بۆ شیعرەکان بکەم، لە ئایندەدا خودا یار بێت کاتی زیاتر بۆ ئەزموونی ئەم شاعیرە (سرك و تایبەتمەند)ە تەرخان دەکەم، بۆیە ئێستا لێرەدا هەوڵ دەدەم وەك دانانی بەردی بناغەیەك ئاوڕێکی لێ بدەمەوە تا دەروازە و ڕۆشناییيەك بێت بۆ خوێندنەوەیەکی فراوان و بەربڵاوتر.

## شاعیر و سوریالییەت:

سوریالییەکان قوتابخانەیەکی ناسراوی نێوەندی ئەدەبین و کاری گەورەیان ئەوە بوو، کە لە زمانی باو لابدەن و بەشێوەی هونەر مەعقولێیەت بدەن بە شتی نامەعقوڵ.

شاعیری ئەم باسەشمان لەم شیعرانەیدا ئەو قوتابخانەیەی لەبیر نەکردووە و کۆمەڵێ تەرکیبات و ڕستەی هێناوە، کە تەنیا شاعیر دەتوانێ بەکاریان بهێنێ، ئەمەش بە پێوانەی عەرەب واتەنی: (یجوز للشاعر مالایجوز لغیره) لەم بارەوە با چاوێك بەم تەرکیب و ڕستانەدا بخشێنین کە سەر بە قوتابخانەی ناوبراون.

گوێی جۆگە، ل76. مراوی ناو جۆگەی شەوی روون، ل84. خوداوەندی هێلکە رۆمانسی و دیدار شادە، ل94. ئاسمانی رووخۆش بە خۆرەتاو، ل95. رەوڕەوە قاقای لێدا، ل97. کیژی روومەت نانی گەرم، ل115. کۆلانی خۆزگە، ل128. دەموچاوی رێگا، ل149. ناوچەوانی کۆلان، ل131. پەراسووی زەوی، ل143. دەموچاوی عەرد، ل145.

ئەمانە چەند نموونەیەك بوون کە هەڵمانبژاردن و دیارە لە کۆی شیعرەکاندا وێنەی دەگمەنتر هەیە، ئێمە لێرەدا هەر ئەوەندەمان هەڵبژارد بۆ نموونەی ئەوەی ،کە شاعیر زۆر هونەرمەندانە بووەتە قوتابییەکی وریای ناو ئەو قوتابخانەیە و توانیویەتی نەخشی جێ پەنجەی خۆی دیاری بکات، هەموو ئەوەش دەزانین، کە لاساییکردنەوە بۆ خۆی هونەرێکە، بەلام بە مەرجی ئەوەی دوور بێت لە خواستنی کتومت، مەبەست ئەوەیە وەك ئەو کارە هونەرییەی، کە **(گۆران)** لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا بەرپای کرد، کە کارێکی ئێجگار گەورە بوو، وەها بێت، ئیتر بەم شێوەیە ناودەنرێ هونەر.

ئەلبەتە لێرەشدا بە پێویستی دەزانم: ئەم لادانە لە زمانی باو و مەعقولکردنی نامەعقول، کە بووەتە ناسنامەی سوریالییەکان، بلێم پتر لە سەدەیەك **(مەولەوی)** بەر لەوان ئەم کارەی کردووە، بەلام چونکە ئەدەبی کوردی لە گۆشەی چەپەکی کوردستاندا گیرخواردوو بووە، ئەوە ئەم هونەرەی نەبووەتە هونەرێکی جیهانی، وەك ئەوەی کە هی سوریالییەکان لە جیهاندا دەنگی دایەوە. بۆ نموونە (مەولەوی) دەڵێ:

1- نیشتەی گۆشەی تار مزگی تەنیایی
دانیشتووی گۆشەی تاریکی مزگەوتی تەنیایی.
2- نەسیم پەنجەی پات ئەر سەردی کێشان
بای نەسیم ئەگەر پەنجەی پێت سەرمای بوو

لەم دوو نموونەیەدا ((مزگەوتی تەنیایی)) و ((پەنجەی پێی نەسیم)) بە تەواوی سوریالین و ئەگەر چاوێك بە دیوانەکەی (**مەولەوی**)دا بخشێنین ئەوە نموونەگەلی پتر هەیە، بەڵام با هەر ئەو دوو نموونەیە بەس بن بۆ سەلماندنی قسەکەمان.

لێرەوە داوا لە شاعیر، (**سەباح رەنجدەر**) دەکەم بە وردی دابنیشێ و (**مەولەوی**) بخوێنێتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا داوای لێ دەکەم ئەو دوا بەرهەمی من بخوێنێتەوە بە ناوی (مەولەوی و تەقینەوەی زمان)، چونکە ئەم (شاعیرە)یش زمانێکی تەقیوەی هەیە، هەروەکو لەمەودوا نموونەی لەبارەوە دێنینەوە.

## شاعیر و زمانی پڕاو:

هەر شاعیرێك توانیبێتی تەواو پەی بە وردەکارییەکانی هونەری شیعر بەرێت، ئەوە بەپێی بەرنامەی خۆی هەوڵ دەدات، کە کۆگا و گەنجینەی زمانی خۆی هەبێت، واتە وشەی تایبەت بە فەرهەنگی شیعری خۆی، ئەمەش یەکێك دەبێت لەو هەنگاوانەی، کە ئەم شاعیرە لە دەنگی شاعیرانی تر جیا دەکاتەوە، بۆ نموونە لێرەدا دەچینە سەر کۆگا و گەنجینەی زمانی (**مەحوی**)، کە کۆمەڵێکی زۆر وشە و دەستەواژەی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، تایبەتن بە زمانی خۆی و لای شاعیرانی تر نین. هەندێکیش لەوانە وەکو: زرپنگ = گیای زوو پێگەشتوو، رۆیاندن = رۆیشتن، ئاقار = سنوور، ریتن = رشتن. داوایی = بێ ئوسولی. قرم = مرخ. لرف = شالاو. ئیکە = ئیتر. رەنجە = ئازار چەشتوو. بزووت = سووتەمەنی.....تاد، ئەمانە و نموونەی تریش کە لە دیوانەکەیدا هەیە وایان کردووە دنیایەکی شیعری تایبەتییان بۆ شاعیر دروست کردووە و نیشانەی زاڵبوونە بەسەر وشە و دەستەواژەدا.

لەم بارەوە شاعیری کۆشیعری (خەون وا خۆی گێڕایەوە)ش هەندێك وشەی تایبەت بە خۆی بۆ تۆمار کردووین، من بۆ خۆم لای شاعیرە نوێخوازەکانی تر نەمدیون و نەوباوەی خەیاڵی خۆیین. ئەوانەش وەکو: (ژیاننووس، ل45. گیاناس، ل84. چاپەست، ل98. پەیمانپتەو، ل107. وارسك، ل110. رمپە، ل126. لێهەڵبووم، ل126. گۆڵم، ل127. نواوە، ل131. لایدی، ل132. نهێنیبین، ل133. رێڕێ، ل135. پڕشنگرێژ، ل138. کەواندووە، ل142. پارێزاو، ل143).

ئەمانە و هەندێك وشەی تر، هەروەها شاعیر بە پاشگری (وان) لەسەر شێوەی (مەلەوان، پاڵەوان) ئەم وشانەی رسکاندووە (سرووشەوان، ل39، کتێبەوان، ل49. بەهەشتەوان، ل64. ئاقیقەوان، ل116. هەتاوەوان، ل121) لەگەڵ ئەمانەشدا زۆرجار بۆ ئەوەی وشەکان بەرگی هونەری بەرزتر بپۆشن، هەروا بە سادە و ساکاری نەیداونەتە دەست خوێنەر، بەڵکو وشەی تری بۆ خواستوون و تەرکیبی کردوون، کە ئەم تەرکیباتانەش زادەی خەیاڵی شاعیرانەی خۆیین، پێموانییە لە شاعیری تری وەرگرتبێ. ئەوانەش وەکو (بازی باڵ بۆنخۆش، ل41. ئاگری نەجیبزادە، ل51. سپێدەی تەمەنی رستە، ل52. نوێژی درۆ بەزاندن، ل54. لووتکەی باران خواردوو، ل60. بەلەمی هەڵخەڵەتاندن، ل63. کانی وەفا، ل63. بوومەلەرزەی مەست بە خراپەکاری، ل69. بەروبوومی زێدەڕۆیی، ل69. روخسار زیرەك، ل70. ئەشکەوتی خەواڵوو، ل71. ئینجانەی سێبووری، ل73. جۆگەی شەوی روون، ل84. هەوری وجاغڕوون، ل89, خرۆشی بۆیەکراو، ل93. درەختی رووناکبەخش، ل94. خواوەندی هێلکە رۆمانسی، ل94. ئاسمانی رووخۆش بە خۆرەتاو، ل95. مێرگی سەمازان، ل97. ختووکەی زەمینی جوانی، ل99.)) ئەمانە و گەلێکی تر، کە لە دیوانە شیعرەکەدا هەن و خوێنەر دەتوانێ بەسەریان بکاتەوە.

لەگەڵ ئەمانەشدا هەر لەبارەی زمانەوە، شاعیر هەندێك دەستەواژەی دروست کردووە، کە رەونەقێکی شیعریی جوانیان هەیە، ئەمانەش هەموو لە داهێنانی خودی شاعیرن، وەکو (مانگی چاو

گەورە، ل89. واتە مانگی تەواو گەش لە شەوی چواردەدا)، (هەوری وجاغڕوون، ل89. واتە هەورێك، كە بارانی لێ بكەوێتەوە، پێچەوانەی هەوری نەزۆك)، (مامزێكی گوانگران، ل103. واتە ئاسكێك گوانی پڕ لە شیر بێت)، (تفەنگی زۆربڵێ، ل116. واتە تفەنگێك، كە تەقە زۆر بكات)، (بارانی تەوەزەل، ل72. واتە بارانێك كە بەخوڕ نەبارێت)، (بای گەورەكراو، ل116. واتە رەشەبا، پێچەوانەی شنە و نەسیم)، (ئاوێنەیەكی سوور هەڵگەڕاو، ل120. واتە ئاوێنەیەك، كە تەڵخ بووبێ و باش نەنوێنێ، پێچەوانەی ئاوێنەی بێگەرد)، (قیژەی یەكەمین كتێب، ل123. واتە پەیامی یەكەمین كتێب، كە دانراوە.) (تریفەی لەرزیوی گۆماو، ل127. گۆمێك كە شڵەقابێت و جیوەی خۆی لەدەست دابێت).

## شاعیر و نیگار:

شاعیر وەك هەر شاعیرێكی دەوڵەمەندی تر زۆر بایەخی بە وێنە و نیگار داوە و بەمەش كۆشیعرەكەی میناكاری كردووە. نیگارەكانی ئەم شاعیرەمان نە ڕیالیزمین، نە رۆمانسین، بەڵكو نیگارێكن، كە زیاتر لە پرۆگرامی سوریالییەكانەوە نزیكە، چونكە كە نیگارەكانی بە دیواری كۆشیعرەكەوە دەبینیت، ئەو نیگارە ریالیزمی و رۆمانسییانەت بە خەیاڵدا نایەت، كە (**شێركۆ بێكەس: 1940/5/2 – 2013/8/4**) كێشاونی، یان پێشتر بە قەڵەمی: (**بێسارانی: 1641 – 1702** ) و (**مەولەوی**) و (**پیرەمێرد:** 1867 –

1950/6/19) و (**گۆران: 1904 – 1962/11/18**) و (**دیلان: 1927 – 1990\11\28**) هاتوونەتە بەرهەم.

با ئێستا بە دەم کۆمەڵێك وێنەی ناو ئەم کۆشیعرەوە بچین:

**1- لەسەرەخۆ سووتانی دەنۆشی ل39.**

**2- بەفری بێ پەیمان قاچی خانووەکانمانی تەزاند ل61.**

**3- بوومەلەرزەی مەست بە خراپەکاری ڕووناکیی لێ لاداون ل69.**

**4- بارانی تەوەزەلی تازەگەیشتوو درەنگ کەوتی ل72.**

**5- دەست دەخەینە ئینجانەی سێبووری**

**هەستی خۆی تەنیا**

**بۆ کاتی کورتی گەشەکردنی گوڵ دەدرکێنێ ل73**

**6- باران بەرگدوورێکی شارەزایە**

**ئاسمان بە زەوییەوە دەدوورێ ل76.**

**7- ئایا قەلەڕەش**

**هێلانەی بە پووشی سپی هەڵدەهێنێ ل82.**

**8- جوانی بکوژرێ کێ تابلۆی ماڵ و خەیاڵ دەکێشێ ل84.**

**9- مۆسیقاژەن خرۆشی بۆیەکراوت لە دڵ ناگرم ل93.**

**10- تیتروسکم لە زەوی جیاکردەوە**

**چووە ناو ئاسمانی رووخۆش بە خۆرەتاو ل95.**

**11- گوڵپەروەرێکی بە لەپەکوتێ دەربازبوو لە باخچەی پاشا**

**خەزنەی گیان و هەنگوینی ژیان**

**بۆ سروودبێژان دەگەڕێنێتەوە ل106.**

12- خەتێکی راست و چەپ
بەسەر هەنیەی پڕبووەوەی
ئەو باوەڕ و رابەرانە دەکێشم
کە نەیانتوانی لەناو دەنگێکی بچووك
داوا بکەن بمانبەخشە باوکی سەر زەوی ل108.
13- دەفتەری تێبینییەکانی شێوەکارێك
ڕەنگە خانەدانەکانی هێنایە ناو خۆی
نووسی کەروێشك ل109.
14- مەحاڵ گۆڕی کردە نقێمی ئەنگوستیلە ل109.
15- شۆڕەبی سەرچاوەی باشەی لە ئاودا دۆزیوەتەوە ل110.
16- پایزی گوێڕایەڵی تاوانبار
بەشێك لە بەختەوەری بەهاری برد ل112.
17- یادگارییە کسپەدارەکانی نەوەی سرووشزادە
بە ئاسپایی لە دەزووی کۆلارە روونووس دەکەن ل113.
18- دارستانی گوێز و چنار
کرم و ڕەشەبای لەخۆ جیاکردەوە
عوودی لێ دەتراشین ل112.
19- ژیان زێڕێکە ڕژاو
شەڕانگێزێك کۆی دەکاتەوە بۆ دروستکردنی گوللە ل115.
20- هەتاوی پاراوم لە ماڵی
پڕ کەس و کاری تا دڵبخوازی فریا بینی ل117.

بێ گومان وێنە و نیگاری تری لەم چەشنە لە کۆشیعرەکەدا زۆرترن و لەم دەرفەت و هەلەدا بوار نییە هەموویان بەسەر بکەینەوە، هەڵیاندەگرین بۆ ئەو کاتەی، کە جارێکی تر دێمەوە سەر خوێندنەوەی ئەم ئەزموونە سرك و تایبەتمەندە.

## شاعیر و هەڵەی لە دەست دەرچوو:

هەروەکو لە سەرەتاوە گوتم شاعیر بەوریاییەوە دەست لەسەر وشە و تەرکیب و رستە دادەگرێت. دیارە شاعیری بەم چەشنەشیان هەڵەی بەسەردا تێناپەڕێت، یان زۆر دەگمەن هەڵەی زمانەوانی بەسەریدا تێدەپەڕێت، بەڵام بەداخەوە **(سەباح رەنجدەر)** بەو هەموو وردەکارییەوە لە پێنج شوێندا دووچاری گرفتی زمانەوانی بووە، هەروەکو دەستیان دەخەینە سەر.

**یەکەم:**

**ماسی ئاو زادە ل47.**

دیارە ماسی هەر لەناو ئاودا دەژی و زاوزێ دەکات. ئەم دارشتنە لە بنەمای شیعری شاعیرەوە دوورە. پێموایە بیگوتبا (ماسی رۆشنایی زادە) چاکتر بوو، چونکە ئاو رۆشنە و لە هونەری شیعردا (رۆشنایی) جێگای (ئاو) دەگرێتەوە و ئەو هونەرە شیعرییەش، کە شاعیرمان لە شیعرەکانی تریدا جێبەجێی کردوون ئاراستە دەکرێت، بەڵام کە گوترا (ماسی ئاو زادە) ئەوە لە هونەر دوور دەکەوێتەوە.

**دووەم:**

**چارۆگەی بەلەم ل63.**

هەموو دەزانین، کە چارۆگە پەیوەندیی بە بەلەمەوە نییە، بەڵکو چارۆگە تایبەتە بە کەشتیی ناو زەریاکان.

**سێیەم:**

**باخچەی پرتەقاڵ. ل91.**

پرتەقاڵ، چونکە درەختە ئەوە باخی هەیە نەك باخچە. باخچە تایبەتە بە گوڵ و چیمەن. ئەگەرچی لە زۆر باخچەی ماڵاندا پرتەقاڵیش دەڕوێنن، بەڵام بەوە ناگوترێ باخچەی پرتەقاڵ. باخ گەورە و فراوانە، باخچە گچکەیە. بەم پێیە ئەگەر باخچەی ماڵێکیش یەك دوو بن دار گوێزی تێدا بێت، ئەوە نابێتە باخچەی گوێز.

**چوارەم:**

**کەڵەکی لە دوورگە راگرت**

**سەوڵەکانی کرد بە دار شەقە. ل124**

دیارە سەوڵ تایبەتی بەلەمە، هەرچی کەڵەکە بە کندر رادەکێشرێت.

**پێنجەم:**

**هەڵۆ چێژی بەرزبوونەوەی خۆدەرخستن بەرانبەر مەرگ هێلکەکانی لەناو دەستی گەرم کرد.** ل107.

هەڵۆ دەستی نییە، بەڵکو باڵی هەیە. لەباتی دەستیش چنگاڵی هەیە. جا ئەگەر شاعیر بیگوتایە (هێلکەکانی لەبن باڵی گەرم کرد) ئەوە شیاو دەبوو. یان بگوترایە (هێلکەکانی لەناو چنگاڵی گەرم کرد) هەروا دەبوو.

**هەڵەبجە 2009**

# ڕووداو و سەرچاوەی سرووشی شیعری

لە جەستە و ڕۆحی شیعری هەشتاکانی کوردیدا، وێنە و وشە کاریگەرەکانی (**سەباح ڕەنجدەر**) ڕۆحی بەبەر جەستەی بەهێزی شیعر کردووە، دوای ئەم سەرەتایە دەبێت بە (ئەستێرەیەکی شیعری کوردی). یەکەمین کتێبی، ڕۆمانە شیعرێکە بەناوی (زێوان) لە ساڵی 1988دا ڕێگای چاپخانەی گرتەبەر و دوای ئەوەی لە ئامێزیدا پشوویەکی دا هاتە کتێبخانەی کوردییەوە و چاومانی کردە پێشانگایەکی پڕ لە تابلۆی شێوەکاری. دوای ئەم بەرهەمە یازدە ساڵی پای هەردی شیعر دەکاتە خەڵوەتگا.

تا بەژنی زراڤ و بەهارپۆشی: (رووەکەکانی خوداوەند - 1999) دێتە دەنگ و هەواری دووەم دەکاتە مەنزڵگا. لێرەشدا ئۆقرە ناگرێت، چونکە خەزاڵی شیعر بەرۆکی لاسی رۆحی بەرنادات و ختووکە و خەندە و خرۆش و خەیاڵ و خورپە و خۆشی و خووزی پێدەبەخشێ، بۆیە هێمن و لەسەرخۆ هەوارەکانی دیکەی کوێستانی شیعر دەگەڕێت و لە هەر کامێکیاندا هەوارێك لەسەر خۆی تاپۆ دەکات. ساڵی 2004 (خەون وا خۆی گێڕایەوە)، ساڵی 2005 (شەڕی چل ساڵە)، ساڵی 2008 (مردوویەك ئاگای لە هەموانە) و (سەد و یەکشەوە)، ساڵی 2010 (ساڵی سفر)مان بۆ دەکات بەدیاری.

لەم بەرهەمانەدا هەست دەکرێت، کە شاعیر چاوی سانسۆری لەسەر چۆنیەتی نووسینی خۆی ڕاگرتووە، بۆیە پەنا دەباتە بەر وشە و دەستەواژەگەلێك، کە پڕ لە واتا و دەلالاتی خۆیانن. سانسۆر مەرج

نییە چاوی دەستەڵاتداری زۆردار بێت، شاعیر دەتوانێت خۆیشی سانسۆر لەسەر خۆی دابنێت. واتە دەبێت ئاگای لە خۆی بێت، چۆن دەست بۆ وشە و رستە دەبات و شیعری پێ دروست دەکات. شاعیرێکی وەك **(نالی)** زۆر ئازادانە لە سنووری میرنشینیی بابانـدا ژیانی بەسەر بردووە، بەڵام بە سادەیی رێڕەوی **(کوردی: 1812 - 1850)** نەگرتۆتەبەر، بەڵکو بۆ خۆی جیهانێکی شیعریی پڕ لە (سیحری بەیان) و (حیکمەتی شیعر)ی هەڵبژاردوو، کە لێوڕێژن لە (کینایە)، (ئیحا)، (ئیستیعارە) و (ئیما)، ئەمەش خۆ سانسۆرکردن بووە لە پێناو بەرز راگرتنی هونەری شیعردا، (**حاجی قادری کۆیی:** 1816-1897) گتویەتی:

(نالی ئوستادەکی گەلێ چا بوو
خزری ئابی حەیاتی مەعنا بوو)[1]

ئەگەر شاعیر نەبێتە (ئوستادەکی) وشە و رستەی (مەعنا)دار، ئەوە بیەوێ و نەیەوێ شیعرەکانی بەلای (نەزم) و (سەهلی مومتەنیع = سانایی خۆ بەدەستەوە نەداو)دا دەچن، کە ئەم دووانەش بە دەگمەن هونەری بەرز و بەرجەستەیان تێدا دێتە دەست.

جیاکردنەوەی (نەزم) لە (شیعر) کارێکی ئاسانە. یەکەمیان وشە رێکخستن و هۆنینەوەیە و نزیك لە زمانی ئاخافتنی خەڵك، دووەمیان هونەر بەخشینە بە وشە و ئێجگار دوورە لە زمانی خەڵکەوە.

شاعیری ئەم باسەمان لەبارەی هونەری وشەسازی و رستەبەندییەوە دەنگێکی زۆر دەگمەن و کاریگەری ناو شەپۆلی شیعری سەردەمەکەیەتی. لە دوایەمین بەرهەمیدا بەناوی (ساڵی سفر) زۆر هەوڵی داوە خوێنەری وشیار و دەگمەن لەسەر شیعرەکانی خۆی رابگرێت. بەرهەمەکە (166) پارچە شیعرە، هەر شیعرێکی بۆ خۆی سەرنجی لەسەر قەتیس کردم و حەیران مام. بۆ نموونە لە چوارەمین پارچەدا بەم شێوە دەپەیڤێ:

**(دەریای بێ ئامان**
**تەرمی خنکاوەکانی نەداینەوە**
**ترس و گومانی لە رۆخی راخستووە**
**چی نەماوە**
**بە خەیاڵی چنگێك خۆڵەمێشەوە**
**دەست بۆ ماڵ و گۆڕستان دەبەین**
**خەتای ئێمەی تێدا نییە**
**دەریا**
**ترسناك و**
**ستەمكار و**
**سەماكارە)[2]**

شاعیر لەم کورتە شیعرەیدا وشە بە وشە داوی بۆ خوێنەر ناوەتەوە. ئێمە، کە داوەکەمان بەزاند لە دنیای پڕ لە سیمبۆڵەوە چووینە ناو دنیایەکی دیکەوە، کە (واتا)یە. کاتێك شاعیر دەڵێ: (دەریای بێ ئامان) بە ئاسانی دەتوانین بڵێین: (بەعسی دڕندە و بێ ویژدان)، چونکە بە دوایدا دەڵێ: (تەرمی خنکاوەکانی نەداینەوە) واتە ئەوانەی، لە ڕووداوی ئەنفالدا بێ سەر و شوێن کران، بردنی و ڕۆیشتن و خنکاندنی بەبێ ئەوەی ڕێگا بدات چاومان تەرمەکانیان ببینێتەوە.

ئەم دەریایە (ترس و گومانی لە ڕۆخی راخستووە) سەردەمی دەسەڵاتدارێتی ئەو فاشیستانە ترس و تۆقاندن مرۆڤیان جاڕس دەکرد و ژیان پڕ بوو لە گومان، پڕ بوو لەوەی چارەنووسمان کەوتبووە ناو بازنەیەکی تۆقێنەرەوە. (چی نەماوە) نەیکەن، هەموو کردارێکی نامرۆڤانەیان پەیڕەو کرد.

## (بە خەیاڵی چنگێك خۆڵەمێشەوە دەست بۆ ماڵ و گۆڕستان دەبەین)

ئەو ستەمکارانە دنیای فراوانیان لێ کردبووینە چەرمە چۆلەکە، لە ماڵی خۆماندا بێت، یان لە گۆڕستاندا، ئەوا بە هیوای ئەوەی لە دوای سووتماك کردنمان، هیچمان بۆ نەماوەتەوە ئەوە نەبێت، کە پڕ چنگێك خۆڵەمێشی جەستەی شەهیدەکانمان، یان ئەنفال کراوەکانمان بێتە دەست، بەڵام ئەوەش لە مەحاڵ دەچوو، چونکە لە بەرنامەی سیاسەتی

ئەواندا نەك دەستكەوتن، بەڵكو تەماشاكردنی خۆڵەمێشەكانیشیان قەدەغە بوو.

**(خەتای ئێمەی تێدا نییە**
**دەریا**
**ترسناك و**
**ستەمكار و**
**سەماكارە)**

ئێمە بێ گوناهین و هیچ تاوانێكی ئێمەی تێدا نییە، كە ئەو رەگەزپەرستانە (ترسناك) و (ستەمكار) و (سەماكار = سۆزانین).

*** * ***

چەند كاریگەرە شاعیر بەو زەوق و سەلیقەیەوە بێتە دەنگ و خوێنەری وریا بە خۆیەوە سەرقاڵ بكات، لەم بارەوە چەندان پارچە شیعری لەم چەشنەم دێتەوە بیر و هەریەكێك لەو شیعرانە لەسەریان راماوم و مەست و حەیرانیان كردووم، زیاتر ئەمەش لەبەر ئەوەیە، كە تەرزی بیركردنەوەم فراوانتر دەكەن و مێشكم بە ئەندێشە دارماڵ دەكەن.

(**عەبدوڵڵا پەشێو: 1946**) شاعیرێكی بە ئەزموونە و گەلێك شیعری جوانی هەیە، زۆر لە شیعرەكانی بە زمانێكی سادە و ناسك

خستووەتەڕوو، بەڵام دەبینین لە کۆپلەیەکیدا لەو سادەی سادەییيە لایداوە دەڵێ:

(من لافاوێکی لاسارم
گەلێکی شۆڕشگێڕی ماندوونەناسم
لەو کەنارانە هەڵساوم
کە تەنگیان پێ هەڵچنیوم
لەو داگیرکەرانە راپەڕیوم
کە ژیانیان زەوت کردووم[3])

یان دەبینین (**ئەحمەد شاملوو**)ش بە هەمان شێوە لەژێر سێبەری سانسۆردا کۆپلەیەکی وەهای ساز کردووە، دەڵێ:

(شەو، بە گەرووی خوێنینەوە
درەنگانێ دەخوێنێ
دەریا، سارد و سڕ لێی کەوتووە
**چلێك**
لەناو رەشایی دارستانەکەدا
بەرەو پڕشنگ
هاوار دەکات)

ئەم شیعرە داخراوە پێویستی بە کلیلێك هەیە، کە بیخاتە سەر پشت، چونکە شیعرەکە لە دروشمی رەق و تەق دەرچووە و بەرگێکی هونەری بە بالاّ براوە. لە خوێندنەوەیەکی وردی ئەم کۆپلەیەدا دەردەکەویت، کە (شەو = نیشتمان) (بەگەرووی خوێنینەوە = هێندە ستەم لە (شەو) کراوە گەرووی پڕ لە (شۆڕش) بووە. (درەنگانێ دەخوێنێ = پەیامی خۆی شەوانە رادەگەیەنێت. واتە بەدزیی دوژمنەوە، چونکە لە رۆژدا بانگەواز هەڵدان بۆ نیشتمان و شۆڕش هەڵنادرێ) (دەریا = شەپۆلی بزووتنەوەی خەڵك). (سارد و سڕ لێی کەوتووە = هێمن و ئارامی دەنوێنێ) بۆیە (چلێك = مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ). (لەناو ڕەشایی دارستانەکەدا = لەناو گەل و کۆمەلاّنی خەڵکدا). (بەرەو پرشنگ = بەڕووی ئازادیدا). (هاوار دەکات = پەیامی خەبات و تێکۆشان رادەگەیەنێت).

* * *

وەك لە سەرەتاوە ئاماژەم پێکرد (**سەباح ڕەنجدەر**) سانسۆری لەسەر خۆی داناوە، بۆیە هەوڵدەدات بە وریایی دەست لەسەر وشە دابنێ، یان دەستی بۆ ببات، بەلاّم بە پێچەوانەی ئەم رەوت و ئاقارەوە ناو بەناو دەبینین وشەی لە دەست دەردەچێت، کە لەناو دنیای شیعرەکانیدا جێگای نابێتەوە، بەڵکو وشەی دیکە هەیە، کە ئەو جێگا سەنگینە بگرێت. وەك دەڵێت:

**(کەروێشك هێلانەی جێهێشت و هەڵەتە بوو)[4]**

لێرەدا ئەوەی جێگای سەرنجە وشەی (هێلانە)یە، چونکە هێلانە مەنزڵی باڵدارەکانە نەك کەروێشك، کەروێشك (لان)ی هەیە، (**گۆران**) دەڵێ:

(کەروێشك لەناو لانا
گوێی لەسەر پشت دانا)[5]

یان دەڵێ:

**(بەخۆت نقومی لە دڵی شۆڕشە کورتەکان)[6]**

(شۆڕش) وشەیەکی زەق و زۆپە، شاعیری سیمبۆڵیك دەبێ ئەو بەرگەی لەبەر راماڵێت و کاڵای وشەیەکی دیکەی بە باڵادا ببڕێت. واتە ئەگەر لەباتی ئەو وشەیە (رووبار)، یان (بڵێسە)ی بەکاربهێنایە جوانتر جێگای دەگرت.

یان دەڵێ:

**(قەلەباچکەیەکی کلك درێژ)[7]**

خەسڵەتی کلك درێژ بۆ قەلەباچکە ئەو هونەرەی تێدا نییە، کە شاعیر دەیەوێت، چونکە خەسڵەتەکە خەسڵەتێکی سەپاوە، کەواتە شاعیر لە شێوەی پارادۆکسدا دەیتوانی خەسڵەتێکی دیکەی بۆ دیاری بکات، کە خوێنەری وریا رابچڵەکێنن.

با ئەم سێ نموونەیە بەس بن بۆ ئەوەی، کە لە چەند شوێنێکی دیکەدا وشەی بەم شێوانە بەکارهێناوە، لە شیعری دیکەی هەندێك لە

شاعیرانی هاوچەرخدا ئەم خەسڵەت دارێشتنەم دیوە، وەك (پڵنگێکی کێوی) پڵنگ خۆی لە خۆیدا کێوییە واتە رام و ماڵی نییە، ئەوە هیچ هونەرێکی شیعری لە خۆ نەگرتووە، چونکە کە گوترا پڵنگ ئیتر خەسڵەتی کێوی لە زەینیدا ئامادەیە، یان (فەقیانەیەکی سپی) ئەمیش بە هەمان شێوەیە و هەموو دەزانین، کە فەقیانە هەر سپییە، کەواتە بۆ شاعیر هونەر ئەوەیە کە لەباتی (سپی) رەنگێکی دیکە بەکاربێنێ، دەلالەت لە واتایەکی دیکە بکات، وەك گوتمان پەنا بەرێتە بەر هونەری پارادۆکس.

**هەڵەبجە 2011**

## سەرچاوە:


1ـ دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، 1986، ل219.

2ـ سەباح ڕەنجدەر،ساڵی سفر (کۆشیعر)، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، 2010، ل20.

3ـ عەبدوڵڵا پەشێو، هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2006، ل68.

4ـ ساڵی سفر، ل19.

5ـ دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، 1980، ل326.

6ـ ساڵی سفر، ل26.

7ـ ساڵی سفر، ل35.

# شێوازی زمان و ئاراستەی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا

شاعیر، کە خۆی دۆزییەوە ئینجا دەتوانێت هەنگاو هەڵێنێت. (**لە کتێبخانەی تایبەتی باباتاهیردا**) ناوونیشانی یەکەمین شیعری: (**سەباح ڕەنجدەر**)ە لە هەنگاوی هەشتەمی. واتە: کۆشیعری (سروودی زەوی - 2012)دا، کە پرۆژەیەکی شیعریی ڕاستەقینەیە، داوامان لێ دەکات ئەو پرۆژەیە بناسین. زمانێکی کارا، ڕاستیی بوون دەردەخات تێیدا بەکارهێنراوە و بە ئاماژەی گەرمەوە گرێیداوە. ئێمە بەرلەوەی ئەو کتێبخانەیە بپشکنین، دەچینە سەر سەکۆی پارچە شیعرێك، شاعیرێکی کوردی، کوردستانی ڕۆژهەڵات بە فارسی نووسیویەتی و بەم شێوە کورداندوومانە.

ئای.. بریا رۆحی باران
بارانێ لە سەما و سروود کانیلەیەك
لەناو پێخەفی گێسووی بەهار، لە ناخی بادا
شەستەی بکردایەتە سەر جەستەی
ئەم دارە وشکەوە.
ئای... کاشکێ کانیاو
دڵۆپەیەك لە خوێنی کەڵەشێری کازیوە بوایە
بتکایەتە ناو دڵی ئەم جەنگەڵە تاریکەوە،
ئای... خۆزگایە دابتکایە[1].

چەند بەچێژە شیعری ئاوا داخراو، لەو دیو پەردەی وشەکانییەوە نازی واتایەکی دی چاو باشقەڵێت لەگەڵدا بکات و چێژ و هەستی شیعریت دارماڵ بکات لە تریقانەوە.

شیعرەکە لەژێر دەمی چەقۆی سانسۆردا نووسراوە، بۆیە هونەرییانە پەنای بۆ کینایە و ئیستیعارە بردووە و مەبەستی خۆی پێ پەردەپۆش کردووە. دیوی دووەمی هەندێك لە وشەکان بەم شێوە لەگەڵمان دەدوێن (رۆحی باران = پەیامی شۆڕش. سەما و سروود = بزووتن و نرکەی شۆڕشگێڕی. کانیلە = نیشتمان. پێخەفی گێسووی بەهار = سەنگەری بزاڤ و بووژانەوە. با = پەیامهێنەر. داری وشك = گەلی بێ نووزە و رانەپەڕیو. کانیاو = سروودی نیشتمانی. کازیوە = هەڵاتنی خۆری ئازادی. جەنگەڵی تاریك = نیشتمانی داگیرکراو). ئەگەر ئەم شیعرە هونەرییە بە دروشمی زەق و زۆپ دابڕێژرایە، ئەوا بەم چەشنە دەبوو.

ئای خۆزگە کلپەی شۆڕش
شۆڕشێك ناڵە و نرکە بێت بۆ نیشتمان و
لە سەنگەری بووژانەوە و بزاڤەوە
بگەشتایەتە ناخی ئەم گەلە بێدەنگەوە.
ئای کاشکێ..
سروودی نیشتمانی
تیشکی خۆری ئازادی بوایە
ئەم نیشتمانە داگیرکراوەی
رووناك کردایەتەوە،

ئای بریا رووناکی بکردایەتەوە.

با ئیتر خوێنەری وریا لەسەر ئەو دوو تەرزە شیعرە بێتە دەنگ و لە تەرازووی هونەردا کێشانەیان بکات، تا بۆی دەرکەوێت کامیان رۆحی شیعر و شیعرییەتیان تێدایە و خوێنەری وریا لەسەر خۆیان رادەگرن. تا بزانێت شیعری سرك و فرەچین، هونەری بەرز دەنوێنێ، نەك شیعری دەستەمۆ و دروشم بەخش.

لە کۆندا شاعیری دیکەشمان هەبوون بەتایبەتی: (**مەلای جزیری، نالی، مەولەوی، مەحوی، وەفایی: 1844 - 1902**) دەمی چەقۆی سانسۆر بەسەر شیعرەکانیانەوە نەبووە، بەڵکو خۆیان بە پارێزەوە شیعریان نووسیوە و بوونەتە سانسۆر بەسەر خۆیانەوە، ئەوەش وای کردووە شیعرەکانیان وەك هێما و هێمابۆکراو، یان نیشانکار و نیشانکراو بمێننەوە و لێکدانەوەی فراوان هەڵبگرن و لەلامان کۆن نەبن.

(**ئەحمەد شاملوو**)، کە قسە لەبارەی شیعری ساکار و شیعری هونەر پژێن دەکات، دەڵێ: (کە شیعرێکی رەسەنی بێ ئامانج دەخوێنمەوە، لە قووڵایی دڵەوە سوپاسی شارەزایی و زیرەکیی داهێنەرەکەی دەکەم، بەڵام کە دەبینم هاوارێکی بەرز و بەهێز تەنیا دەرخەری هێزی قورگ و دەنگە و ئێمەومانانی نیازمەندی هاودەردی خۆی لەبیر خۆی بردووەتەوە، ئاخم هەڵکێشاوە)[2].

ئەو پێنج شاعیرە گەورەیەی کوردیش بەزۆری پەنایان بۆ کینایە، ئیستیعارە و لەتافەت بردووە، بۆیە هەر ئەوە نین، کە شیعرەکانیان یەك لۆ بێت، بەڵکو شیعری دوو توێن و لە هەردوو دیوی

شیعرەکانیانەوە هونەری تاسەشکێن دەبەخشن و خوێنەری وریا دەخەنە داوەوە. خوێنەریش بۆ ئەوەی ئەو داوە بپسێنێت، ناچار دەبێ بکەوێتە تێڕامان و هزری خۆی ماندوو بکات. ئەم تێڕامان و هزر ماندووکردنەش بەهرەی گەڕان و تاسە بەخوێنەری وریا دەبەخشێت.

ئەگەر بەم پێوانە شیعرییە بچینە سەر هونەری شێوەکاری، ئەوا ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێت، ئەگەر بێتو هونەرمەندێ تابلۆی شتێ بکێشێت و کتومت وەکو خۆی بینوێنێ، ئەوا هەرگیز بە ئەندازەی تابلۆیەکی دی هونەری تێدا نییە، کە هێما و ئاماژەیەکی تێدا بێت و دەلالەت لە مەبەستێکی پیرۆز بکات، چونکە هونەری کتومت دوای دروستبوونی کامێرا. ئیتر دەیەوێ چی بکات و چی بە بینەری خۆی ببەخشێ. بەم شێوەیە، ئەگەر پارچە شیعرێکیش هێما و ئاماژەیەکی تێدا نەبێت، ئەوا تابلۆیەکە و بە کامێرای چاوی ریالیزمی کێشراوە، کە ئەم شێوازەش، یان بڵێین ئەم قوتابخانە هونەرییەش دەمێکە بووە بەژێر شەپۆلی سێمبولیك و سووریالیستییەوە.

تابلۆی مۆنالیزا و زەردەخەنە دڵگیرەکەی (**دافنشی**) هەرگیز بە قەدەر کاتژمێرە هەڵواسراوەکانی (**سلفادۆر دالی**) تژی نین لە هزر و هونەر.

ئەم پێوانەیە بۆ هەموو چەشنە ئەدەبی و هونەرییەکان هەر وایە و لێرەدا جێگای نییە بەراورد لەنێوان هەموویاندا بکەین.

* * *

ئەو پێشەکییە با ئاراستەیەك بێت بۆ چوونە ناو مەدارە شیعرییەکەی (**سەباح ڕەنجدەر**)ەوە. ئەم شاعیرەمان تا ئێستا هەشت بەش لە دیوانەکەی بە چاپ گەیاندووە، بۆخۆی دەنگێکی شیعرییە و بە ئاسانی دەناسرێتەوە.

لەناو دەنگە شیعرییەکانی هەولێردا، کە بەشێکیان پێکهێنەری گرووپی (پێشڕەو)ن. **(سەباح ڕەنجدەر) یەکێکە لە پێکهێنەرەکان، (گۆشەیەکی تایبەتی لەسەر خۆی تاپۆ کردووە و توانای لە هەموویان سەرسوڕهێنەرترە و هەنگاوی دەگمەنی هەڵێناوە، لە هەمووشیان جیاوازە و بوو بە خاوەنی ڕاستەقینەی تاقیکردنەوەی شیعری هاوچەرخ).**

* نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، دەقی: (کۆچ- ی **شێرکۆ بێکەس**)ی بەرهەمهێنا.

* کیمیا باران، دەقی: (لاوکی هەڵەبجە- ی **ڕەفیق سابیر:** 1950)ی بەرهەمهێنا.

* ڕاگواستن، دەقی: (مەرگی سەگ- ی **مەولوود ئیبراهیم حەسەن:** 1951)ی بەرهەمهێنا.

* شەڕی ناوخۆ، دەقی: (لە کتێبخانەی تایبەتی باباتاهیردا- ی **سەباح ڕەنجدەر**)ی بەرهەمهێنا.

ئەم ڕووداوانە لە ئەدەبی نوێی کوردیدا دەقی زۆریان بەرهەمهێناوە، ئەمانە دیارەکانیانن و پێویستیان بەوەیە: بە میتۆدی مێژوویی بخوێندرێتەوە.

له شیعری ئەمڕۆی کوردیدا مانای قوولْ بەدەگمەن دەدۆزرێتەوە، ئەم شیعرەی بەناوی (له کتێبخانەی تایبەتی باباتاهیردا) لێکدانەوەی قوولْ و چەند ئاراستەیی هەڵدەگرێ و ماوەیەکە خۆم بۆ تەرخان کردووە تا بیروڕای خۆمی لەبارەوە دەربڕم.

**یەکەم:**

گەڕانەوە بۆ یەکەمین شاعیری کورد و خوێندنەوەی کتێبخانە تایبەتییەکەی، گەڕانەوەیە بۆ یەکەمین شیعری کوردی، کە تا ئێستاش لەگەڵ کێشە و نالەبارییەکانی کۆمەڵگای کوردیدا ڕێگای گرتووەتەبەر، ئیتر نالەبارییەکان دینی و مەزهەبی بن، یان فەلسەفی و ئایدیا، یان کۆمەڵایەتی و سیاسی و کێشەی چینایەتی و گرفتی عاشق و مەعشووق و کارەساتی مەرگبار و.....تاد، گرینگ ئەوەیە هەموو ئەو نالەبارییانە لە تەمەنێکی هەزار ساڵیدا لەناوماندا دەژین و زووخاومان پێدەچێژن.

چەمك و تێمای سەرەکی قەسیدەکە کێشەی شەڕی ناوخۆیە و وەك نموونەیەکی بچووککراوەی جەنگی یەکەم و دووەمی جیهان وێنای دەکات و لێی بووەتە داخی سەر دڵ و گرێی ناخ. خۆیشی بەرانبەر ئاگر خۆشکەرانی کێشەکان کردووەتە لایەنی دووەم، بێ ئەوەی لەبەری هیچ کامێکیاندا خۆی دیاری کردبێت، ڕەخنەی بابەتییانە ئاراستە دەکات و هەڵوێست وەردەگرێ، ڕەخنەکانی گشتگیرە و لایەنی یەکێکیان ناگرێ، بۆ ڕەوایی و سەرخستنی بەسەر لایەکەی دیدا، بەڵکو خۆی بەلایەنداری کێشەی نەتەوەکەی دەزانێت، نەك کێشەی دوو لایەنەکەی دەستەڵات. ڕەخنەکانی ورد و بەجێن، بەڵام بە زمانی

شیعری تۆکمە و پەرداخ، ئەم نە نەویوە شێوەی هەندێك شاعیری دی بە دروشم پەیامی خۆی بگەیەنێت، بەڵکو بە زمانێکی چڕ و کینایە بازی و ئیستیعارە جووڵان هاتووەتە دەنگ. ئیتر ئاگر خۆشکەران تێی دەگەن، یان نا، ئەوە بەکار و بەرهەمی خۆی نازانێت، ئەوە ئەوانن دەبێ ئاگایان لە هاوار و زایەڵەی ناو شیعرەکان بێت، نەك ئەم هەستێ بە گۆڕینی ڕەوتە هونەرییەکەی.

چەند ساڵێ دوای شەڕی ناوخۆ ئەم شیعرە نووسراوە، ئەوەش دیارە مەبەستی ئەوەی تێدایە، کە لە هەموو ئەو ماوەیەدا ئەم، ئەو خەم و جەرگسووتانە بەری نەداوە و لەلایەکی دیکەوە بانگی ئەوە هەڵدەدا، ئەو کارە ناپەسەندە جارێکی تر دووبارە نەبێتەوە.

**دووەم:**

دەچینە سەر دێڕ بە دێڕی قەسیدەکە، کە بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

**(گا بۆ گیای ناو زەلکاو ملی درێژ دەکات**
**کەڵەبابیش لەکاتی بانگدان)**

لەم دەستپێیکەدا دوو جۆر کەس دەردەکەون. یەکەمیان: ناکەسێکە، کە بە گای حۆل و دەبەنگ دەچێت، مل درێژ دەکات بۆ زەلکاو = گەندەڵی و لەسەر ئەوە دەژی. دووەمیان: نموونەی کەڵەشێر دەنوێنی، کە نرخی ئەوەی پێ براوە ملی درێژ بکات بۆ بانگدان = جاڕدانی دەست و دەم و دڵپاکی، بەرزکردنەوەی هاواری ئاشتی و تەبایی و برایەتی. ئەم دوو جۆرە کەسەش لە کۆنەوە تا ئێستا لە ناوماندا دەژین، یەکەمیان: کۆسپێکە لەڕێی ئاسوودەیی ژیاندا و

دووەمیان: بە پێچەوانەوە. پاش ئەو سەرەتایە بەدوایدا شیعرێکی قووڵ و هەناسە درێژ نەخشەدار دەکات و دەڵێ:

**(تووتی بێ چاوڕوو دەم دەکاتەوە**

**لە نزیك**

**ڕەگ و**

**گۆپکە و**

**خونچە**

**دەوەستێ و پێی لە زەوی دەخشێنێ)**

لێرەشدا کەسێکی دیتر دەبینین، بە (تووتی) چوێنراوە. ئەم باڵندەیەش بەوە دەناسرێت، لاسایی و ئاسانکێ دەکاتەوە، واتە خۆی داهێنەر نییە و هیچی لە باردا نییە، شاعیر لە پاڵ ناوهێنانەکەیدا بە (بێ چاوڕوو) دایدەشۆرێ. کە نیشانەیە بۆ قێزەونی ئەو کەسە تووتی خەسڵەتە. ئەم کەسۆکە قێزەونەش دێت لە نزیك (ڕەگ = بنەمای ژیان. گۆپك = دەستپێکی ژیان. خونچە = گەشانەوەی ژیان) پێ لە زەوی دەخشێنێ و نازی بە سەرەوە دەکات، بەڵام هەرچەند دەکات:

**(نەخشی ناوچەوانی بەردی بۆ دروست نابێ)**

واتە: ناتوانێ هیچ هونەرێك بنوێنێ و لە لاساییکردنەوە بەولاوە هیچی تری لەباردا نییە.

**(کرانەوەی دەمی خۆی**

**بە کرانەوەی دەمی**

**ڕەگ و**

**گۆپکە و**

**خونچە**
**بەراورد دەكات**
**پوولی پۆستەی لەبن باڵی دەدەن)**

ئەم ناكەسە كرانەوەی دەمی دەچوێنێ بە گەشانەوەی دەمی رەگ و گۆپكە و خونچە، بەڵام ئەمان سەرمایەی ژیانن، ئەوەی لێ قبووڵ ناكەن و پوولێكی پێوە دەنێن. واتە كارە بێفەڕەكەی ئەویان هێندە بەلاوە ناشیرین و نەشیاوە پەسەندی ناكەن، چونكە ئەمان، كە دەم دەكەنەوە بەرهەمیان دەبێت بۆ ژیان و سروشت، بەڵام دەم كردنەوەی ئەو هیچ خێروبێرێكی تێدا نییە، چونكە:

**(گوێڕایەڵە و دان لەسەر دەستی نانی نانی دەخوات**
**بۆ كام لا هەڵیدەن**
**سەر لە ڕێیە و رووگەنمای دادەخا)**

ئەو باڵندە گوێ لە مشتی ئەم و ئەوە و (نانی دەستی نانی نانی = خەسڵەتی هەندێك سەگ) دەخوات، وەك ئەمان رۆحی سروشت و جوانی لە هەناویدا ناژی، بەڵكو لەگەڵ ئەو رۆحەدا دەژی، كە نانی دەداتێ و بیەوێ چی بڵێ ئەوە دەكات و بۆ هەرلایەكیش بیەوێ یاری پێدەكات، ئەمیش تەنیا فەرمان بەجێهێنانی لەسەرە و بە بڕیاری ئەو لە هەر شوێنێ بۆی دیاری بكات رووگەنماكەی دادەنێ و نوێژی ساختە دەكات. شیعرەكە درێژە بە دارشتنی بۆچوون و رەخنەی خۆی دەدات، ئەمجارەیان رووی دەمی دەكاتە سێ جۆر كەسی دیی ناو كۆمەڵگا، بریتین لە:

**1- (خەڵات و بەراتی دۆفرۆش)**
**2-(یان پیسی و پۆخڵی و بۆنی ورچی تەپ و حۆڵ)**
**3-(دەمە بۆڵەی جادووبازان)**
ئەم سێ جۆرە کەسەش:
**(لە قاوغی کیسەڵێکدا دەمێننەوە)**

واتە هەرسێکیان هێندە درۆ و کاری نابەجێ و جادوویان لەگەڵ خەڵك کردووە، ئیتر لە چوارچێوەیەکی پیسدا، کە بە قاوغی کیسەڵ دیاری کراوە، قەتیس دەبن و بۆ هەمیشەیی دەمێننەوە.

جۆگەلەی قەسیدەکە لە خوڕە ناکەوێ و ڕێ دەکات تا دەمانباتە ناو هەواری ئازادی، کە وشەی (خۆر)ی لە جێگایدا بەکارهێناوە. دەڵێ:

**(ئەرێ خۆر بە پۆستاڵ یان بە پێڵاوی ئاوریشم بۆ لامان دێت**
**مێژوویەکی لە هاتن و چوون هەیە و لە نوێژدا دەلەرزێت**
**بانگی بەیانی دەستی خێرە و چرچ و لۆچی ناوچەوانی دەمرێنێ**
**نادیارییمان دەبینێ)**

بە وشەی (ئەرێ) پرسیار دەکات: ئازادی بە سەربازی پۆستاڵ لە پێ دێتە ناومان، یان بە پێشمەرگەی چەکمەشڕ. شاعیر لە ڕێز و خۆشەویستیدا چەکمەشڕەی ناو ناوە پێڵاوی ئاوریشم، هەروەها ئەوەش دیاری دەکات، کە ئازادی لای ئێمە هەمیشە لە هاتوچۆدا بووە بۆ لامان و بەوەش مێژوویەکی دروست کردووە، ئەوەندە لەو هاتن و چوونە تەمەنی بەسەر بردووە وای لێهاتووە لە نوێژ = ڕەوتی ئاشتیدا

دەلەرزێت. نویژ لێرەدا وەك لای گەلێ شاعیری رۆحپاك كینایەیە لە خاوێنی و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە حەقیقەت.

ئازادی وشەیەك نییە، كە بۆ یەكەمجار شاعیری ئەم باسەمان وشەی خۆری بۆ خواستبێ، ئەمیش بۆ خۆی بەكاری هێناوە و مەبەستی خۆی پێ ڕاگەیاندووە.

ئازادییە بە تەمەنەكەی لای ئێمە بانگی بەیانی سەبای ساڵحان بۆی دەبێتە خێر و گەشە بە سیمای دەدات و چرچ و لۆچی ناهێڵێ. ئازادی هێندە كاروانی هێناوە بۆ هۆبەی ئێمە و گەڕاوەتەوە (لە خانی لەپ زێڕینەوە تا هەموو شۆڕشەكانی كورد و تا ئێستا) لە زمانی نهێنییەكانمان تێدەگات. ئەو دەزانێ كە:

**(ئێمە هەموومان بێدەنگی خودامان نووسییەوە**

**ئێمە هەموو بێدەنگی خودامان نووسی**

**ئێمە هەموو بێدەنگی خودا دەنووسینەوە**

**ئێمە هەموو بێدەنگی خودا دەنووسین)**

وشەی خودا سۆفییانە جێگای كراوەتەوە، راستەوخۆ مەبەستی خودای بانی سەر نییە، بەڵكو خوازەیەكە بۆ گەورەترین دەسەڵات، كە لە ئاستی داخوازییەكانماندا پەنامان بۆ بردووە. پێشتر لە شۆڕشەكانماندا بێدەنگی ئەو دەسەڵاتەمان نووسیوە و ئێستاش دەینووسینەوە و هەر دەنووسین. بۆیە:

**(لە ئاوێنەی نووسیندا دەستێك دەبینین**

**جێگۆڕكێ بەدەنگ و بێدەنگی دەكات**

**لەم جێگۆڕكێكردنەدا**

**هەموو ئاوازێك دەچێتە ناو دەنووکی درەوشاوەی مەلی**
**خۆشخەبەر**
**مژدە و بینینێك**
**بۆ هەڵهێنانی چاوی ئەفسانەی گیای چوار وەرز)**

ئەم کۆپلەیە پڕە لە هیوا، پێشتر ئەگەر دڕك و داڵی نائومێدی کێڵگەی رۆحی شاعیری تەنیبێت، ئەوا لێرەدا ترووسکەی هیوا هەرێمی دڵی پڕشنگدار کردووە و بەناوی هەموومانەوە دەڵێ: (نووسییەوە و نووسی، دەنووسینەوە و دەنووسین) وا دڕی بە شەوی تاریکی دا، ئەگەر نووسینەکەمان ئاوێنەیەك بێت، ئەوا دەستێکی تێدا دەبینین، کە جێگۆڕکێ بە دەنگی ئێمە و بێدەنگی ئەو = دەستەڵات، دەکات. بەو کارەشی تێکڕای سۆز و لەرەی دەنگمان دەچێتە ناو دەنووکی مەلی خۆش خەبەرەوە = پەپووسلێمانە، ئەو باڵندەی خەسڵەتی ئەوەی پێوە چەسپیوە گوایە لە زەمانی حەزرەتی سلێمانەوە هەواڵی خۆش بە هەموو لایەکدا رادەگەیەنێت. لە هەواڵەکەشیدا مژدە دیارە، دیتن دیارە بۆ پشکووتنی چاوی گیای چوار وەرز = هەمیشە بەهار = بەهاری گەیشتن بە سەرفرازی.

**(بەختەوەری و دروودی زەمین**
**رووداو و دیمەنی دڵتەزێن و تاسێنەر نین)**

لەم دوو دێڕەدا پەیوەندیی نێوان وشەکان بەم شێوەیەی لێدێت:

بەختەوەری لەسەر زەمیندا
رووداوی دڵتەزێن نییە.
درووود بۆ سەر زەوی

دیمەنی تاسێنەر نییە.

ئەم دوو پەیوەندییەش پەیوەندن بە (هەڵهێنانی چاوی ئەفسانەی گیای چوار وەرز)ەوە، کە بە (گەیشتن بە سەرفرازی) لێکمان دایەوە. مەبەستی ئەوەیە، بەختەوەری بە واتای ژیانی پڕ کەیف و سەفا و سەربڵندی دێت، ئەوەش نەك رووداوێکی دڵتەزێن نییە، بەڵکو ئەوپەڕی کامی ژیانە. درووديش دەست بەرزکردنەوە بۆ رێزگرتن لە هەموو شتێکی مەزن دیمەنێکی تاسێنەر نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە دیمەنێکی دڵگیر و بلاوێنە.

دوای ئەوەی شاعیر بە دوورودرێژی ژیانی بەختەوەری و ستایش و رێزمان پێش چاو دەخات، دێت قسە لەگەڵ تێکڕای باڵندەی ئاوی وشکایی دەکات بۆ ئەوەی هەموویان ئەرکی سەرشانی خۆیان بەجێ بهێنن، ئەوانیش لە پرۆسەی پێکهێنانی ژیانی پڕ لە شەوق و شادیدا بەشداربن. دەڵێ:

**(فەرمووم لە باڵندەی ئاویی کرد**
**بۆ وشکایی کە رەگی بە هات و بیرەوەری تەڕ و پاراوە**
**فەرمووی باڵندەی وشکاییشم کرد**
**بۆ قەراغ گۆلاوی سەر بە شەختە)**

بانگهێشتی هەموو باڵندەکانیش بۆ ئەوەیە کە:

**(شاڵێك بۆ شاژنی ژیان بچنن)**

بەڵام باڵندەکان

**(دیاربوو کتێبێکیان خوێندبووەوە**

**بەرژەوەندی دارێك نووسیبووی)**

دیارە وشەی (دار) مەبەست دارێکی لق و پۆپ پڕە و ئەوەش کەسایەتییەکمان بۆ دیاری دەکات، کە خەڵکانی زۆر پێوەی پابەندن و لەژێر سایەی بڕیار و دەستەڵاتیدا بن.

لە دێڕەکانی پێشەوەدا وشەی باڵندە گشتگیر بوو لای شاعیر بۆ هەموو باڵندەی ئاوی و وشکایی، بەڵام داوتر یەك باڵندە دەمێنێتەوە و نوێنەرایەتی باڵندەکانی دیکە دەکات، چونکە لێرەوە دەڵێ:

**(باڵندە دەستی ڕەش و سپیی**

**درێژی مرۆڤ دەناسێت**

**رووخۆشیی سروشتیش)**

شاعیر باڵندە بە سەرناس دادەنێ و بە ئاسانی دەستی ڕەش = خراپەکار و دەستی سپی = چاکخواز، لە یەك جودا دەکاتەوە، دەستی ڕەش چەند درێژ بێ ئەوە نەهامەتی زۆرتری لێدەوەشێتەوە، بە پێچەوانەوە دەستی سپی چەند درێژ بێت، پیت و فەڕی زیاتری دەبێت بۆ ژیان. لەگەڵ ئەوەشدا باڵندەکە شارەزایی لە سروشتیشدا هەیە، واتە کاتێك سروشت = ژیان، لە گەشە و نەشەدا دەبێت، ئەو دەیناسێ. ناسینی سروشت = ژیان، پەیوەندە بە ناسینی دەستی ڕەش و سپییەوە. بەم پێیە، ئەگەر سروشت = ژیان، رووشیی تاڵ بێت و لە گەشانەوەشدا نەبێت، هەر دەیناسێ. پاش ئەوە ناخی باڵندەکە دەخوێنێتەوە و دەڵێ:

**(دڵنیایە لەو زەوییەی کە هێلکەی لەسەر دادەنێ**
**زەوی گەف لە زەوی پەروەر ناکات)**

گەف = گزی. زەوی پەروەر = لەجێی سەدان جار وتراوی نیشتمان پەروەر بەکارهێنراوە.

باڵندەکە:

**(هەموو شتێك لەبارەی ئێمەوە دەزانێت)**

ئەوەش دەزانی کە:

**(تەنیا لە دەمە دەمی مەرگدا**
**خۆبینین بە روخسارمانەوە دەردەکەوێ)**

کە دەشمرین:

**(دەزانێت پاش چەند رۆژ کرم لە جەستەمان پەیدا دەبێ**
**سەرەتاش کامە بەشی دەخوات)**

لەم دێڕانەی سەرەوەدا، کە رستمان کردن زانایی و هۆشیاری بە باڵندە دراوە، لە هەموو روویەکەوە شارەزایی لە ژیانی ئێمە هەیە، چاك و خراپمان لە یەك جودا دەکاتەوە، ئاگای لە کرداری جوان و رەفتاری ناشیرینمانە و لە سەرەتای ژیانەوە دڵی لامانە تا دەمانگەیەنێت بەگۆڕ، لەناو گۆڕیشدا دەزانێ چۆن کرم تێمان دەدا و سەرەتاش کام بەشی لەشمان دەخوات.

کەواتە باڵندەیەکی سیحراوی دەستکردی شاعیرە و دروستکراوی خەیاڵ و بیری شاعیرە، ئەوە شیعری بەرزە وشە سیحراوی دەکات و لە قاوغی راستەقینەی خۆی دەری دێنێ و تێکەڵ بە هونەری دەکات.

زۆر وشە، ئەگەر بە موجەرڕەدی و بێ دەلالەتێك بخزێنرێتە ناو شیعرەوە، ئەوە پێی ناگوترێ هونەر نواندن، بەڵكو دەبێتە وشەیەكی بێ گیان و بێ بالاپۆشیی هونەر و تەنیا لە خانەی شیعری خۆڕسكی و فۆلكلۆردا جێگای دەبێتەوە.

چەند جوان (**مەولەوی**) بەر لە هەر دەنگێكی شیعری (پێ)ی بەخشیوە بە (نەسیم) و دەڵێ:

نەسیم پەنجەی پات ئەر سەردی كێشان
بدارەش نە تۆی دڵ دەروون رێشان[3]

واتە: ئەی بای نەسیم، ئەگەر لەم كرێوە تووشەی هەوراماندا پەنجەی پێت تەزی و لەگۆ كەوت، ئەوا بیخەرە ناو دڵی دەروون بریندارانەوە = پیاو چاكانی خودا، كە مەبەستی شێخانی نەقشبەندییە، بەدەم زیكری خەفییەوە هێندە ئازاری دەروونی خۆیان داوە برینداریان كردووە، ئاگاداربە پەنجەی پێت لە بۆتەی دڵی ئەواندا گەرم بكەوە.

باڵندەكەی لای (**سەباح ڕەنجدەر**)یش واتای رابەر، سەركردە، حاڵزانی دەردان و ئاگادار بە هەموو چركەیەكی ژیانمان دەگەیەنێت، ئەوە ئێمەین شارەزاییمان لە دەنگ و رەنگ و شێوەی دەنووك و چوارپەلی باڵندە هەیە، بەڵام ئێمە نین بتوانین بانگهێشتی باڵندەی وشكایی و ئاوی بكەین بۆ ئەوەی كۆببنەوە تاكو لە پەڕەكانیان شاڵێك بە قەد بالای شاژنی ژیان بچنن. ئەوە خەیاڵی شیعری تۆكمەیە لە رێگای وشەوە شیاوی دەدات بە كاری نەشیاو و نەكردەنی.

دوای ئەوەی ژیان شاڵی شادمانی بە باڵا بڕا، ئیتر گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەردا هات و بەوەی گەیشت، کە شاعیر بڵێ:

**(ژیان بە دڵخۆشی درەختی تازە ئاودراو**
**دەمان لاوێنێتەوە و دەجریوێنێ)**

لێرەدا پێویستە پەیوەندیی نێوان (دەجریوێنێ) و (درەخت) دیاری بکەین. جریوە دەنگی باڵندەیە بەتایبەتی چۆلەکە و ئەمیش بەسەر درەختانەوە دەنیشێ، واتە بە چەشنێ جریوەیان تێکەڵ بە چڵ و پۆپی درەخت دەبێت وەك: ئەوە دێتە گوێ، درەختەکە دەجریوێنێ، خۆ ئەگەر واش نەبێت بڵێین: شاعیر وای داناوە، کە (درەخت دەجریوێنێ) ئەوەش سوریالییانەیە لە شیعردا جێگای تایبەتی هەیە و شیاوە و دەشێت. لەم رووەوە شاعیر خۆی لە واقیعی درەخت لاداوە، کە لەنجەکردن لە خەسڵەتە جوانەکانیەتی.

پاش ئەمانە کەسایەتییەکی نەناسراو دەردەکەوێت و وامان پێدەناسێنێ:

**(ئەو پیاوەی**
**لەسەر سنگی خۆی داوە بە زەویدا**
**بۆنی هەڵووژەی ترش و مزر**
**چاوی تێر خەوی دەبریسکێنتەوە و دڵی بەهێز دەکات)**

کە ئەو پیاوە دڵی بەهێز دەبێت، شاعیر لە خۆشییاندا دەگری:

**(دڵم پڕ بوو لە گریان**

**گریانی خۆم لە گۆرانییەکی میللیدا دۆزییەوە**
**شەپۆلی دەدا)**

دیاریکردنی (گۆرانی میللی) پەیوەستبوونی دڵی شاعیر دەگەیەنێت بە نەتەوە و نیشتمانەوە، لە گۆرانی میللیدا بەتایبەتی (لاوك، حەیران، بەیت، چەمەری، هۆرە، ئای ئای) گەلێ رووداوی دڵتەزێنی ناو جەرگەی کۆمەڵگای کوردی دەگێڕنەوە و کەسەر و دڵسووتان دەکەنە بەشی گوێگر، ئەوەش هەڵدەگرێ شاعیر مەبەستی لە (گۆرانی میللی) شۆڕشی نەتەوەیی بێت بە شێوەیەکی خاوێن.

دوای دەربڕینی ئەو سۆزە، شاعیر دەچێتە سەر وشەی دڵ و دەڵێ:

**(ئای خەڵوەتی دڵ**
**تەماشای هەر کوێیەکت دەکرد**
**سەرنجی ئەوێم دەدا و سەرنجم دەڕسکا**
**دڵ رێنماییم دەکات و ئەوەی ئەو پێمدەڵێت**
**ئەو لە نەخشی ناوچەوانی بەرد دەنووسم)**

(**نەخشی ناوچەوانی بەرد**) لە دێڕەکانی سەرەتای قەسیدەکەدا هاتووە، لەوێ تووتی هەرچی دەکۆشێ، هیچ نەخشێکی لەسەر بەرد بۆ دروست نابێت، چونکە ناکەسێکی دەنگەوەرەی ئەم و ئەوە و قسەی ئەوان دەڵێتەوە، بەڵام لێرەدا بە فەرمانی دڵێکی خاوێن جێبەجێ دەکرێ، ئەو دڵەی، بۆتە بارەگای حەق. (خەڵوەت) لە عورفی سۆفییاندا بە واتای چلەکێشیی گۆشەگیر دێت، کە بێ سرتە حەق دەدوێنێ. واتە: ( بە ڕەهەندێکی شێوە ڕۆحییەوە مامەڵەی لەگەڵ جووڵەی واقیع کردووە). لەم وشەیەشدا شاعیر ئەوەمان بۆ بەیان

دەکات، جیلوەی تەسەووف لە رۆحیدا گرشەی دێ. دڵە بێگەردەکەی شاعیر پێی دەڵێ بنووسە:

**(چەتەی پێڵاو گەورە لە خەودان)**

وشەی دووانەی (پێڵاو گەورە) سوود وەرگرتنە لە ئەفسانە و حیکایەتی گوێ ئاگردان، واتە زیادەڕەویکردن لە پیاهەڵدانی پاڵەواندا، بە چەشنێك دەهێنرێتە پێش چاو دوور بێت لە مرۆڤی ئاسایی. لێرەشدا چەتەکانی مەملەکەت ئەوانەی راو و رووت دەکەن ئاسایی نین، کە پێڵاویان گەورە بێ، دەبێ قەوارەشیان زەبەلاح بێت. گەورە پیشاندانی چەتەکان، زیادەڕۆییە بەوەی، کە ئەو پیشە قێزەونەیان لە رادەبەدەر کردووە.

(لە خەودان) واتە هێشتا دەستی پیسیان بە تەواوی نەخستووەتە گەڕ، رستەکانی دادێ ئەمەمان پێدەڵێن:

**(رێگاوبان هێشتان**

**دڵیان باش لێدەدا و تۆزاوی نەبوونە)**

رێگاوبان ئارامە، ئاسوودەیی خۆی دەنوێنێ و پشێوی تێ نەکەوتووە، هێشتا چەتە زلحۆرتەکان بە پێڵاوی گەورەوە نەکەوتوونەتە شێلانی جادەوبان.

**(دەرگای کێڵگەی پەرژینکراو**

**بە پەنجەی فریشتە و خوداوەند مۆرکراوە)**

بۆ رێگرتن لە بەدکاریی چەتەکان، کێڵگەی ژیانی خەڵك، پەرژینی بە دەوردا کێشراوە و ناتوانن ئەو سنوورە ببەزێنن، چونکە بە پەنجەی کەسانی فریشتە ئاسا و خوداوەند مۆری لێدراوە.

**(پووشی قەراغی ڕێگا خەواڵوون**

**ئەسپ بە ماتی بە تەکیاندا دەڕوات)**

پووشی قەراغی ڕێگا = کەسانی فەرامۆشکراو. خەواڵوون = بێکارن. ئەسپ = کەسی ڕەسەن و شۆڕشگێڕ.

ئەم کەسە دڵی بۆ خەڵکە بێکارەکە دەسووتێ، چونکە کەس حیسابی بۆ نەکردوون.

ئەسپ = کەسە ڕەسەنەکە:

**(بیردەکاتەوە و سێبەری مافووری نەخش دێرینی شارە)**

**یەکەم:**

بیر دەکاتەوە و لەناو هزردا دەژی.

**دووەم:**

بۆتە سێبەرێك بەسەر کولتووری ژیانەوە و دەیپارێزێ.

هەر ئەو ئەسپە ڕەسەنە:

**(نادیار نەبووە و نادیار نییە**

**تەمەنی جوانوویی لەناو دڕکی دەم تیژ و نزیك گورگ گوزەراندووە)**

دڕکی دەم تیژ = جەللاد. گورگ = دیکتاتۆر.

هەرگیز لەپێش چاو بزر نەبووە و نابێ، کەسایەتییەکی وەهایە، کە هەمیشە لەبەر چاوانە و خۆی دەنوێنێ، ئەم پیاوە ڕەسەنە هەڕەتی لاوێنی لەژێر دەسەڵاتی ستەمکاردا تێپەڕاندووە.

**(سەر رادەوەشێنی و چاو هەڵدەبڕێ**
**دەموچاوی کاروانچی**
**وەك لافیتەی هەواڵێکی ناخۆش دەبینێت)**

کاروانچی = ئەوەی کاروانی راستی و پاکی بەڕێ دەکات، یان رابەری کۆمەڵگا، لای ئەم باش نایەتە پێش چاو، وەك هەواڵێکی ناخۆش دڵی دەتەزێنێ و ئازاری دەدات.

بەڵام ئەم کەسایەتییە لە تێکۆشانی خۆی ناکەوێ.

**(پووشیش خەواڵوویی بەری دەدا**
**گەرمایی دەمی ئەسپ هێزی دەداتێ**
**هەموو ناخی بە پیتی زەوی دێتە کوڵ)**

ئەوەتانێ لە تێکۆشانەکەیدا تێکەڵ بە کەسانی فەرامۆشکراو دەبێت، بە گەرمایی = تین و تاو بەخشین بە کەسانی پشتگوێ خراو، دەیانبزوێنێ و لە خەو رایان دەچڵەکێنێ و بەوەش پشتگوێ خراو، یان فەرامۆشکراوەکان ناخ و هەناویان تژی دەبێت لە فەڕ و پیتی خاك = نیشتمان. کە لەو خەوە راچەنین و بە ئاگا هاتنەوە، ئیتر ئەسپ = کەسایەتییە رەسەنەکە دێتە گۆ، لەناو قسەکانیدا سەرکۆنە دەبینین، کە بە (بەس نەبوو) دەست پێدەکات. واتە پێشمان رادەگەیەنێت، ئیتر بەسە و واز بێنن..... تا کەی. ئەسپەکە بووەتە رۆحی شاعیر و رازی خۆی دەدرکێنێت.

**(بەس نەبوو**
**حاجی لەقلەق دوا شەهیدی هەولێر بوو**
**بەس نەبوو**
**قومری دوا شاعیری ترپە و هەست و تاسە بوو**
**بەس نەبوو**
**ئاو و خۆڵ و با خۆ کوژی کەوتە نێوانیان**
**ئاگر دوا ناوبژیوانیان بوو**
**بەس نەبوو**
**هێزی ئاگر کوژێنەوە دزی پەتاتەی بەراز بوون**
**بەس نەبوو**
**شەوی پێش هەڵبزرکاندنی کولێرەکەم**
**زانیارییەکم لەبارەی تالآنی چاڵە گەنمەکان خوێندبووەوە)**

لە شەڕی ناوخۆدا گەلێك قوربانی درا، لەگەڵ خەمی ئەواندا شەهیدکردنی حاجی لەقلەقە کۆچەرییەکە داخ و کەسەری خۆی هەیە. داخەکەی ئەوەیە لە گەرمەسێرەوە بۆ کوێستانی هەوا خۆش هاتووە، کەچی گەرمایی شەڕەکە گیانی ئەمیشی کردە قەرەبرووت.

ئەی دژی بەئاگامەندانە لەناو بوونێکی کراوەدا بە دژی یەك کراو، بەسیەتی بەس وا قومریش بە خۆی و ئاواز و سترانیەوە بوو بە قوربانی. رۆحی شاعیر دەیەوێ بە کورتی باس و خواس لەو شەڕە ناهەموارە بکات، کە بۆ نەتەوەکەمان گەلێ سەخت و دژوار بوو، لایەنەکان ئاو = لایەنێك، خۆڵ، یان خاك = لایەنەکەی دی، با = بزووتنەوە شەڕ لە نێوانیاندا تاوی سەند، بە چەشنێ دەست لەسەر

پەلەپیتکەی تفەنگ و چەکی قورس بوون دەیانویست یەکتر پاکامە بکەن و قڕە چۆڵی یەك ببڕن، لەگەڵ هەموو نەهامەتییەکاندا بەداخەوە (ئاگر) بوو بە ناوبژیوان.

لەم دوو دێڕەدا شاعیر گەڕاوەتەوە سەر ئەو فەلسەفە کۆنەی، کە دیاری کردووە هەموو گێتی لە چوار ڕەگەز پێکهاتووە بریتین لە: (با، ئاو، خاك، ئاگر) ڕەگەزی چوارەم دەبێتە ئاگر خۆشکەر بە مەبەستی ئەوەی لە ڕوویەکی ترەوە وڵاتەکەمان بەرەو وێرانی بەرێت، ئەویش ڕووی ئابوورییە. ئەو ئاگر خۆشکەرە دەستی بۆ هەموو بەروبوومێك دەبرد، تەنانەت پەتاتەی بەرازیشی چەپاو دەکرد.

لە سێ دێڕی کۆتایی ئەو کۆپلەیەدا شاعیر بە دانەپەیڤی (بەس نەبوو، بەس نەبوو) تێڕامانێکی مەترسیدار لەبارەی مردن و ڕۆحەوە دەدات، هەروەها چەند بارەکردنەوەی دانەپەیڤی بەس نەبوو، لەڕووی شێوازی دڕاشتنەوەش بایەخی شیعریی تایبەتی پێدراوە و کسپە لە جەرگ هەڵدەسێنێت، چونکە لە گەرمەی ئەو شەڕەدا تەنیا (کولێرە) سەرمایەی ژیانی بووە، ئەویش پڕیشکی گڕی ئەو شەڕەی بەرکەوتووە و هەڵبزڕکاوە. ئەوەشمان پێدەڵێ، شەوی پێش کارەساتی کولێرەکەی زانیاری لەبارەی گەندەڵکار و تاڵانچییەکان بەدەست هێناوە.

شاعیر لە ڕێگای ڕۆحیەوە ئەو ڕۆژگارە ڕەش و تووشەی هێنایەوە بەر دیدەمان و لە چوارچێوەی چەند تابلۆیەکی سەرنجڕاکێشدا هەندێك دیمەنی بە قەڵەمی شیعر بۆ کێشاین، پاشان دێتە سەر ئەوەی بە دوو دێڕ قسە لەبارەی خۆی دەکات، کە دوو کاری بە ئەنجام گەیاندووە.

**یەکەم:**

**(پرچی لەبەر باران خووساوم ڕێکخستەوە)**

باران = تێکۆشان بەهێزی شیعر و سۆز بۆ نەتەوە و نیشتمان.

**دووەم:**

**(ئەسپی راویشم بە ملوانکەی کیژی کافرۆش بەستایەوە)**

ئەسپەکە ئەوەندە بەڕێز و بایەخدارە لەباتی حەبل بە شتێکی جوان و نایاب دەیبەستێتەوە، کە ملوانکەی کیژی کافرۆشە، بۆ شایانی ئەسپەکە ئەو شتە شایانەی هەڵبژاردووە.

ئەسپ = رۆحی شاعیر ئەوە نییە، کە بیباتە مەیدانی راوکردنی کەروێشك و کارمامز، بەڵکو بەکاری هێناوە بۆ راوکردنی خراپەکاران، ئەوانەی، کە ماڵی کوردیان بەرەو وێرانبوون برد و نیشتمانیشیان خوێن پۆش کرد.

پاش ئەوە دیمەنێکی دیکەمان پێش چاو دەخات، ئەویش لە نەهامەتییەکانی بەرهەمی جەنگە. مێژوو گەلێ گەلێ چیرۆکی شەڕ و قات و قڕی و مەرگەساتمان بۆ دەگێڕێتەوە، گەلێ گەلێ لاپەڕەی دیکەی مێژووش باس و خواسیان لە نەهامەتییەکانی پاش جەنگ کردووە، جەنگ جەنگە و کوشتن و بڕین، چشتی ناجوان و نامرۆڤانە، کارەساتی ماڵوێرانی و برسیەتی و نەداری و.....تاد، بۆیە شاعیر دەڵێ:

**(فڕوفێڵ لە نێوان کڕیار و فرۆشیار**
**ئاڵۆزیی بازاڕی پاش جەنگ)**

لە نەبوونیدا بازاڕ دەبێتە گۆڕەپانی دەستبڕین و سەختەچێتی و برا بەزەیی بە براوە نامێنێ. گێرمە و کێشە و ئاڵۆزییەکان وەك پەتا چزە لە گیانی خەڵك هەڵدەستێنن. کە ئەمەی پێگوتین جا دەڵێ:

**(هیچ شتێك لەبەر هەتاو ناتوێتەوە**
**بەفریش دۆخی دەگۆڕێ)**

هەتاو = ئاوێنەیەکە هەموو چشتەکان وەك خۆی نیشان دەدات، ئەو فڕوفێڵ و ئاڵۆزییەی ناو بازاڕ وەك خۆی دەخاتەڕوو. بازاڕ ناوەندی ئابووری کۆمەڵگایە، ئەگەر بەفریش لەبەر هەتاو توایەوە، ئەوا گۆڕانێکی بەسەردا دێ و دەبێتەوە بە ئاو، بەڵام هەر ئاویشە دەبێتە هەڵم و پاشان هەور و بەفری لێ دەبارێتەوە. بەفر هیچی تێدا نابینرێ، بەس کە بوو بە ئاو، ئەوا ئاوێنە ئاسا هەموو شتەکان وەك خۆیان تێیدا دەردەکەون، مەبەستی دووەمی شاعیر ئەوەیە (هیچ شتێ لەبەر هەتاو = راستی)دا بزر نابێ، بەڵکو ئەگەر دۆخەکە لە بارێکی خراپەوە بگۆڕێ بۆ بارێکی باش، ئەوە هیچ لەوە کەم ناکاتەوە کە (هەتاو = ئاوێنە + راستی) ئەو راستییەیان وەك مێژوو سەلماندووە و بە جۆرێك نەخشاندوویانە هەرگیز لە یاد ناکرێن، کەواتە خراپە و ناپەسندییەکانی رۆژانی جەنگ، چوونەتە تۆمارگەوە و بۆ تەمەنێکی زۆری پاش رۆژانی جەنگیش هەر دەمێننەوە.

ئەسپ لای شاعیر بەو مەزنیەتەی پەیدای کردووە، لە یادی ناکات و لەبارەیەوە دەڵێ:

**(دڵە خورپێیەکی مات و ترسناك سەر تا پێی لەرزاندەوە**
**هەتاوی پێش ئاوابوونیش ئەو هەستەی بۆی هەبوو)**

ئەسپ، کە برابوو بۆ ڕاوی خراپەکاران، لەپاش کۆتایی هاتنی جەنگ، تووشی دڵەڕاوکێیەك دەبێت، ئەویش ئەوەیە، ئایا لە پاش جەنگ وڵات بە ژیانی کامەرانی دەگات، یان هەر بە وێرانکراوی دەمێنێتەوە و گەشە و نەشەی ژیان نایەنەوە ناو دۆخێکی ئارام و دوور لە شەڕ و هەرا. هەتاو = ڕاستیش بەر لەوەی لە کەل دەرچێ، هەمان هەستی بۆ ئەو مەسەلەیە و ئەسپەکە هەبوو.

جارێکی تر شاعیر دەگەڕێتەوە سەر (تووتی) لە خوێندنەوەی شیعرەکەدا قسە لەبارەی ئەم باڵندەیە کرا. دیسان هەر دایدەشۆرێ و دەڵێ:

**(تووتی کە حەزی لە خواردنی پەپوولەی وشك بووەوەیە**
**چاوی لە هەنگاوەکانە ئاخۆ ڕێگا ون دەکەین یان نا)**

پەپوولەی وشکهەڵاتوو کینایەیە لەو تێکۆشەرانەی، کە لە شەڕی ناوخۆدا بوونە قوربانی، یان خەڵەتێنران و کرانە قوربانی. تووتی لەگەڵ ئەو حەزەشیدا سەرنجی هەموولایەك دەدات تا بزانێ ئەو ڕێگایەی (پاکان) گرتوومانەتەبەر دەگەین بە هەوار، یان تووشی لاڕێ دەبین، ئەگەر لە ڕاستەڕێ ترازاین، ئەوە لە جەژنانیەتی، ئەگەریش پێچەوانە بوو ئەوا بیر دەکاتەوە، کە قسە و نیازی گێرەشێوێنان دووبارە کاتەوە بەسەرماندا و بەختەوەرانە لە پاڵیدا بژی، بەڵام ئێمە:

**(تێی ناڕوانین و فەرامۆشی دەکەین)**

چونکە تازە راستە رێگای خۆمان گرتووە و قسە بێ سەروبەرەکانی ئەو نرخی قنچکە تووریکیان نەماوە، بۆیە لە داخ و خەفەتدا:

**(خۆی دەخواتەوە و دەروونی قوڵپ دەدا)**

بەمەشەوە ناوەستێت و گێرۆدەی نەخۆشی دەروونی دەبێت، ئەوەتا دەکەوێتە حاڵێکەوە، کە شێتانە:

**(پەڕ لە کلکی دەردەکێشی و هێلکەی دەشکێنێت)**

لێرە بەدواوە شاعیر جارێکی دی ئاراستەی شیعرەکەی بە بارێکی تردا دەگۆڕێت و بەدوو پەیڤی دی سەرنجمان لەسەر شیعرەکە قەتیس دەکات، ئەمەش بەبێ ئەوەی لە ناوەرۆکی بابەتەکە دوور کەوتبێتەوە دەڵێ:

**یەکەم:**

**(رێگای خۆڵ باراناوی تێدا کۆدەبێتەوە)**

ئەو رێگا بێنازانەی چەورێژ، یان قیرتاو نەکراون بە گۆماو دەزێن، کە ئەمەش بۆ گوندنشینەکان و هەندێك لە کۆڵانەکانی ناو شار گرفت دروست دەکەن، هۆی کۆبوونەوەی باراناویش بەرهەمی شەڕە نەگریسەکەیە، چونکە شەڕ دەستی ئاوەدانی کەلەپچە کردووە. خۆزگەی شاعیر ئەوەیە، لەباتی شەڕ ئاشتی جێگای بگرتایە و لە سێبەریدا دەستی ئاوەدانی بگەشتایەتە ئەو شوێنانە.

**دووەم:**

**(شەقامیش تروسکەی چاو هەڵخەڵەتێنەر)**

ترووسکەی چاو هەڵخەڵەتێنەر = سەراب، مەبەستی ئەوەشی تێدایە، کە شەقامەکان جمەیان دێت لە خەڵکانی فریودەر بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسییان.

لە هەردوو رستەکەی سەرەوەدا، کە ئاگری شەڕی ناوخۆ داویە لە کزی، بەڵام هێشتا ناوچە چکۆڵەکەمان نەگەیشتووە بەوەی دەستی ئاوەدانی بەم لاولادا بگات و کەسانی ساختەکار و فریودەر لە ناودا نەمێنن، بۆیە پەیوەست بەو دوو رستەیە دەڵێ:

**(ژیان رووی خۆش کرد و بزەیەکی نواند)**

بەڵام لەگەڵ ئەم بزە و رووخۆشییەدا هێشتا شاعیر ریسی گومانەکانی نەبووەتەوە بە گوریس و دوودڵە، بۆیە هەندێك بیرورِای ترمان بە گوێدا دەدات، پاشان پرسیارکردن دێنێتە ئاراوە، دەڵێ:

**(هەندێك دەڵێن سەرەتای رێگا فەرِ و جوانییە**
**هەندێکیش دەڵێن کۆتایی)**

سەرەتای رێگا = رێکەوتنی نێوان دوولایەنە سیاسییەکەی دەسەڵات. کۆتایی رێگا = بۆ یەکجارەکی بنەبرِکردنی کێشەکان لە پێناوی بەرژەوەندیی باڵادا. ئەم وەك چاودێرێکی دڵسۆز هەردوو رێگاکەی پێواوە، وردبینانە تێی راماوە. بۆیە دەنووسێت:

**(رِێبواری سەرەتا و کۆتایی بووم**
**کۆتاییش وەك سەرەتا**
**هەمان هەستی بۆم هەبوو)**

دەستپێکی ئاشتەوایی هەستی خەنی کردووە و دڵ و ناخی پێی گەشاوەتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا (کۆتایی) رەوتە سیاسییەکە هەمان

کاری تێ کردووە، بەڵام بەهەندێك کەموکوڕییەوە، کە بابەتییانە ڕەخنەی خۆی لێگرتوون.

هیچ لە بابەتەکە دوور ناکەوێتەوە و هەر لە سۆراخدایە بۆ ئەوەی مزگێنییەکی دڵگیر و پڕ تاسە، دڵە خورپەکەی هێورکاتەوە، بەڵام بابزانین ڕێڕەوی شیعرەکە بۆ کامە ئاقارمان دەبات، بە چ ئەنجامێك دەگەین، دەڵێ:

**(سەرنجی درەختە بەرزبووەکانی ئەم دەست و ئەو دەستیشم داون)**

درەختی بەرزەوەبوو = سەرانی هەردوولا. ئەم دەست = لایەنێك. ئەو دەست = لایەنەکەی دی. دوای ئەو سەرنج و تێڕامانە ڕووبەڕووی پرسیارێك دەبێتەوە و ئاراستەی خۆی و هەمووانی دەکات، دەڵێ:

**(ئەی گیانەوەر و ڕووەك**
**سەوڵ و هێزی دەست**
**هێڵ و وێنە**
**باڵکۆن و سەکۆ**
**فەڕ و جوانی ڕێگا هی کێیە کێ)**

پێشتر باسی (ڕێگای فەڕ و جوانی) بۆ کردین، ئێستاش پرسیار لە (گیانەوەر، ڕووەك، سەوڵ، هێزی دەست، هێڵ، وێنە، باڵکۆن ، سەکۆ) دەکات و پێیان دەڵێ: ئەو ڕێگایە ڕێبازی کامیانە،کامیان.

**(یاداشتی خۆی نەنووسیوەتەوە)**

تاکو پێ لە راستی بنێین و بزانین ئەو ڕێگایە دەبێتە نەخشی جێ پەنجەی کێ. ئەم ڕێگایە لە ڕێگایەکی ئەفسانەیی دەچێت، چونکە:

**(تیشکی ڕۆژیش بەدەوری خۆیدا**
**دەسووڕێتەوە و نازانێت کۆتاییەکەی کەیە**
**یان کوێندەرە)**

بەڵام ئەوەندەی تێدایە (تیشکی ڕۆژ = بەرهەمی ئازادی) شاد و خەندانە و هیوایەك دەبەخشێ، ئەمەش بەوەدا دیارە:

**(زەردەخەنە پاشماوەی تیشکی نیانە و ئەوەندەی چاو و دەم بگرێ سۆز پڕژێنە)**

ئەم سۆز پڕاندنە ئەوەمان ناخاتە بەردەست، کە (شادی و هیوا) خێرا بێنەدی، بەڵکو ماوەی دەوێت، بۆیە پێمان دەڵێ:

**(وەختێکی زۆری ویست**
**تا درەختی بەختم لە قۆپەنە خۆڵی چارەنووس ڕواند)**

پرۆسەی ئاشتی دوولایەنە، زۆر خاو هەنگاوی هەڵدەهێنا و دانیشتن لە دوای دانیشتن گرێکانی بە زەحمەت دەکرانەوە، هەرچی ئەم شاعیرەشمانە، چرکە بە چرکە دڵی لەلای ئەو چارەنووسە مژدە بەخشەیە و ڕۆژەکان تا بە ئەنجام گەیشتوون و ئەمیش لە سەوزەڵانی خاکی چارەنووسدا درەختی بەختی ڕواندووە، کەواتە زۆر نزیك بووەتەوە لە ئاواتە مەزنەکەی، لەم ڕووەوە بەخۆی و هەردوولایەنی زەرد و کەسك دەڵێ:

**(دڵ ناتوانێت فێڵ لە گیان بکات و شتی لێ بشارێتەوە**

**دڵ و گیان لەگەڵ یەکدا تەرازوون بەدەستی فریشتەوە)**

دڵ و گیانی هەردوولا دوو تای تەرازوون، دەشتێکی بێگەرد و خاوێن پێوانەی پێدەکات: لەگەڵ سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیەدا، واتە هاتنەکایەی ئاشتی و تەبایی و یەکتر قبوولکردن، بەڵام هێشتا ژیانی کۆمەڵگا هەر مەترسیی برسێتی و نەداری لەسەرە، لەم رووەوە شاعیر، چونکە شیعرەکەی لەسەر رەگەزەکانی ناو سروشت دارِشتووە، لەباتی هەموو کۆمەڵگای کوردی باس لە باڵندە دەکات و دەڵێ:

**(باڵندە پێ و باڵی**

**بە چیکلدانەیەوە گرت**

**ئێمە لە برسییەتییەکەی نەگەیشتین)**

شاعیر رووی دەمی لە کۆمەڵگایە، کە بەدەست نەبوونی: نان، ئاو، کارەبا، بەنزین و هەموو خۆراکێکەوە دەناڵێنێ، دەست و پێی ناوەتە سەر گەدەی هاوار هاواریەتی، بەڵام ئێمە لەو برسیەتییەی تێنەگەشتین، تەنیا ئەوەندە نەبێ بۆمان روون بوویەوە، ئەم نەتەوەیە چارەرِەشە:

**(لەناو دڵبەردی و نامەردی درۆفرۆش خنکاون)**

واتە: بەڵێنی چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکانیان لەلایەن درۆفرۆشەوە پێدەدرێت، بەڵام ئەو سەروبەندە هەر گفت و بەڵێن لەسەر بەڵێن هەڵچنین بووە و هیچی تر. بەڵێن سك تێر ناکات، کارکردن بۆ جێبەجێکردنی بەڵێن مەسەلەیە. رەنگە (شەم)یش بەڵێنی دابێ، کە بۆ (وەلی) بێت، بەڵام گیروگرفتەکان کردی بە (دێوانە). لە هەموو

دنیا نەتەوە کاتێك بەڵێنی پێ قبووڵە، کە ئەنجامێکی بێتە دەست. بەڵێنی بێ مایە مایەپووچە.

شاعیر لە کۆپلەکەیدا وتەیەکی (**سوهرابی سپێهری**)م وەبیر دێنێتەوە، جارێکیان لە وەڵامی رەخنەگرێکدا، کە پێی دەڵێت: (لەم بارودۆخەدا، کە ئەمەریکا ناپاڵم بە ڤێتنامدا دەکێشێت تۆ نیگەرانیی ئاو خواردنەوەی کۆترێکیت. دەڵێت: هاوڕێی ئازیز، ئەسڵی مەسەلەکە لێرەدایە، بەلای ئەو خەڵکانەوە، کە لە شیعرەوە فێر نابن نیگەرانی ئاو خواردنەوەی کۆترین، کوشتن لە ڤێتنام و هەموو شوێنێکی دیکە ئاساییە)[4]. لێرەدا لەسەر سێ خاڵ دەوەستین:

**یەکەم:**

مەبەستی سوهراب ئەوەیە، ئەگەر وڵاتێك ئارامی و ئاسایشی تێدا نەبێت، کە کۆترێك بتوانێ بە کامی دڵی خۆی تێر ئاو بخواتەوە، ئەوە وڵاتێکی پڕ لە کێشەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوورییە، کەواتە دەتوانرێ ناوبنرێ (وێرانە خاك).

**دووەم:**

(**سەباح رەنجدەر**) لەوەدا گرەو دەباتەوە، کە لە شیعرەکانیدا و بەتایبەتی لەم قەسیدەیەیدا هەموو دەمارەکانی لەشی گرێ داوە بە کێشە و نەهامەتییەکانی کۆمەڵگای کوردییەوە، ئەگەر لای (**سوهرابی سپێهری**) بە فراوانی هەست بە بیر و ئایدیای تەسەووف و عیرفان بکرێت، ئەوا لای ئەمیش ئەو بیرورایە هەیە، بەڵام ئەم مەسەلەی نەتەوە و نیشتمانی خستووەتە سەرووی بیروڕای تەسەووفەوە و ئەوەندەی خەمی وڵات دڵی کردووەتە هەوارگە، نیو هێندە بیروڕای تەسەووف وانییە.

**سێیەم:**

سوهراب لە پێناوی گەیشتن بە حەقیقەتی عیرفاندا، جگە لە سەفەرە رۆحییەکانی، بە جەستەش پێی لە نیشتمانی خۆی بڕیوە و ولاتەکانی (ژاپۆن، هیندستان، بەڕازیل، فەڕەنسا، ئەڵمانیا، بەریتانیا، ئەفغانستان، ئیسپانیا، هۆڵەندا، ئیتاڵیا، نەمسا، ئەمەریکا، یۆنان، میسر و پاکستان) گەڕاوە و لە هەمووشیاندا جگە لە گەشتێکی جەستەیی، گەشتێکی رۆحیشی تێدا بووە بۆ تێگەیشتن لە غەیری شیعەیەتییەکەی خۆی سەر لە (بوودایی، مەسیحی، سوننی، زەردەشتی، یەهوودییەت) دەربکات و بگات بە حەق، واتە لە بوون و نەهێنییەکانی کەون و کردگار تێ بگات.

بەلام سەباح، ئەگەر لە رێگای خوێندنەوەوە ئەو دینانەی بەسەر کردبێتەوە، ئەوا لەڕووی جەستەییەوە ئەوکارەی نەکردووە، بۆیە دەتوانین بڵێین شیعرەکانی سوهراب لەسەر هێڵی تەسەووف و عیرفان رێڕەوی خۆیان گرتووە، بەلام لای ئەم هەر سۆزێت وەرگرتنە لەو زانستە رۆحییە و هیچی تر.

سەباح، کە ناوی باڵندە برسییەکەی هێنا، دیارە مەبەستی کۆیە لە بریتی تاك، بۆیە بە دوایدا دەڵێ:

**(هەڵفڕن بۆ سەر تەختی بەختم**
**بەچکەکان دابەش ببنە ئاسمان**
**لە ئەستێرە و**
**مانگ و**
**خۆر**
**نزیك ببنەوە**
**شێوازی گفتوگۆ ئاسانە)**

بەختی رەشی شاعیر درەختێکە پێویستی بەوە هەیە باڵندەکان لەسەری بنیشنەوە، لە بەرزایی ئەو درەختەوە بەچکەکان بەرەو تەشقی ئاسمان بفرن، بفڕن و لە ئەستێرە و مانگ و خۆر نزیك ببنەوە بۆ ئەوەی ئاه و ناڵەی نیشتمانەکەی بگەیەنن بە حەق و بێت بەهانامانەوە. لە ئاسمان (شێوازی گفتوگۆ ئاسانە) وەك ئەم سەرزەمینە نەگبەتەی ئێمە نییە، کە گفتوگۆکان لەبارەی پرۆسەی ئاشتی کۆبوونەوە لەسەر کۆبوونەوە دەدەنە دەم یەك و کۆمەڵگایان هەراسان کردووە. بەرژەوەندیی لایەنداری زاڵە بەسەر بەرژەوەندیی باڵای کۆمەڵگادا. یەکتر قبوڵکردن و لێك حاڵیبوون بوو بە شانامەیەك و هەر دوایی نایە.

شاعیر سۆفییانە دەستبەرداری مەخلووقات دەبێت و پەنا بۆ خودا دەبات، کە ئاوێ بکات بەسەر ئەو ئاگرەدا و لەم دەرد و بەڵایەی رۆژگار قورتار ببین.

هەروەك درێژەپێدانی ئەو مەبەستە، واتە چارەسەرکردنی کێشەی زەوی لە ئاسمان، شاعیر درێژەی پێدەدا و دەڵێ:

**(داکانە و بابانەش درەختی بەخت**
**دەپارێزن و چاودێریی کرانەوەی قۆزاخەی پەمۆن)**

باڵندەکان داکانە و بابانە = نێر و مێ پارێزگاری لە درەختی بەختی میللەت دەکەن، پارێزگاری لە بەختی شووم بۆ ئەوەی (هات) بێ و (نەهات) بڕوا بەڕێی خۆیەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکێکی دیکە لە ئەستۆ دەگرن، کە چاودێریکردنی قۆزاخەی پەمۆیە تا دەم بکاتەوە و پەمۆ لە زیندانی قۆزاخە بێتە دەرەوە، دیارە پەمۆ، یان پەموو سپییە و ئەم ڕەنگەش لە زووەوە کراوەتە هێمای ئاشتی و تەبایی.

بەدوای ئەرکی باڵندەدا ئەستێرە دێنێتە کایەوە و بە خەیاڵی سۆفییانە دەیخاتە گەڕ، ئەویش هەر لە ئاسمانە، دەڵێ:

**(ئەستێرە لەناو گەڵا و بۆنی خوداییدا**
**بە پڕشنگی بڵندمان دەکاتەوە**
**بۆ نزیك**
**میوەی سەر لك و**
**هەوری ئاواز نەرم و**
**خۆری پشوو خۆش)**

بەگەڕخستنی ئەستێرە ئەوەیە کە لەناو (گەڵا و بۆنی = بەزەیی و سۆزی خودایی)دا بەهێزی موگناتیزئاسای پڕشنگی بەرەو بەرزایی (عەرش) دەمانبات و نزیکمان دەخاتەوە لە:

**یەکەم:**

میوەی سەرلك، کە دەست پێی ناگات، بەڵام بەو بەرزاییەوە لە خوداوەند نزیکە.

**دووەم:**

هەوری ئاواز نەرم، نەك گرمەگرمی جاڕسکەر، ئاوازی نەرم = مۆسیقای نیانی ئاهورایی.

**سێیەم:**

خۆری پشووخۆش، نەك خۆری تاوسێن و پڕووکێنەر، ئەمەش خەسڵەتی خۆری ناو بەهەشتە. وشەی خۆر لە ئەدەبیاتی هاوچەرخدا لە بریتی (ئازادی) جێگای گرتووە.

پڕشنگی ئەستێرە دادەبەزێ و بە پلیکانەی میوەی سەرلك و لەوێشەوە بۆ ناو هەور و لە هەوریشەوە بۆ گەیشتن بە خۆر = ئازادی، ئەنجامێکمان بەدەستەوە دەدات. کە لە ئامێزی پڕشنگی ئەستێرەدا گەیشتین بەو مرازە پیرۆزە پڕ ناز و نیازە، ئیتر:

**(دەنگی ئاسمان هەموو بەختەوەرییەکانی بۆ زەوی دەگەڕێنێتەوە)**

دەنگی ئاسمان = مژدەی خودایی، هەرچی تفاق و کەرەسەی بەختەوەریی خۆی هەیە دایدەبەزێنێ بۆ سەر زەوی و خێروبێر بە ڕێژنە دەبارێ بە سەرماندا، لەو سەرکەوتنەدا بۆ ئاسمان = عەرشی خودا، گەیشتم بەوەی کە:

**(خوداوەند ئاماژەیەکی بۆ کردم)**

ئاماژەکەش ئەوەیە کە پێم دەڵێ:

**(درەختی بەختت حیکمەتی پێغەمبەران**
**بۆ سمۆرە و باڵندە دەخوازێت)**

سمۆرە گیاندارێکی وریا و بزێوە، لەبەر ئەوەی زۆر دەگەڕێ خێرا حیکمەتی پێغەمبەران بە هەموو لایەك دەگەیەنێت.

پێویستە قسەش لەبارەی باڵندەوە بکەین، چونکە وای بۆ دەچم لەو شوێنەدا هونەرییانە جێگای نەگرتووە. ئەمەش لەوەوە دەڵێم، کە ژمارەی باڵندە زۆرن و لەگەڵ باڵندەی خۆشەویست و دەنگخۆش و جوان و بێ زیاندا باڵندەی بەد فەساڵ و دەنگ ناساز و زیان بەخشیشمان هەیە. پێشتر شاعیر ناوی (مەلی خۆشخەبەر)ی بردووە و زۆر جوان لە جێگای خۆیدا دایناوە. دەبوو لێرەشدا هەمان باڵندەی بەکاربهێنایە، چونکە پەیوەندییەکی جوانی لەگەڵ وشەی (پێغەمبەران)دا دروست دەکرد، کە حەزرەتی سلێمان یەکێکە لە پێغەمبەرە ناسراوەکان، بەڵام لە روویەکی دییەوە ئەوەش لە وشەی باڵندە دەخوێنرێتەوە، کە شاعیر هەر مەبەستی باڵندەی باش و دەنگخۆش بێ، چونکە لە شیعرەکەدا، کە بە خاوێنی قسەی لەبارەی دیاردەکان کردووە و بە رۆحێکی سۆفییانە هەست و نەستی خۆی دەربڕیوە، هەر باڵندەی جوان و دەنگخۆشی مەبەستە، کە بە ئاوازی دڵگیر و بلاوێنی خۆی، حیکمەتی پێغەمبەران بچڕێ، ئەو کاتە لێکدانەوەی شیعرەکە وای لێدێت: سمۆرە بە بزۆزیی خۆی حیکمەت بڵاو دەکاتەوە و باڵندەش بە دەنگی دەیگەیەنێت بە هەموو لایەك، یان چونکە شیعرەکە بە رۆحێکی سۆفییانە نووسراوە و ناوی باڵندەکانی (تووتی، مەلی خۆشخەبەر، قومری، حاجی لەقلەق و هوما)ی هێناوە، پێموایە وا جوان بوو لێرەشدا (تاووس)ی

بەکاربهێنایە. چونکە دەبینین (ابن عربی)ی حەکیم و متەسەووف، تاووسی بە رواڵەتی هێزی رۆحانی داناوە. وەك دەڵێ:

ما رحلوا يوم بانوا لبزل العيسا
الا وقد حملوا فيها الطواويسا[5]

واتە: ئەوان لە رۆژی لێکدابڕاندا حوشتری سووریان زین نەدەکرد، مەگەر کاتێك، کە حوشترەکان باریان تاووس بوایە. لێکدابڕان = فصل پێچەوانەی وصل.

شاعیر لە درێژەی قەسیدەکەیدا ئەمەشمان پێدەڵێ:

**(ئاوات خواستن نیگای لەناو شکۆ روون دەبێتەوە)**

نیگا و سەرنجی چاوی ئاوات لە هەر شوێنێ، کە خواست و شکۆی لێ بێت دەگەشێتەوە، لە وشەی (شکۆ)دا ئەوە دیارە، کە شاعیر مەبەستی ئەو کەسایەتییانەی ناو کۆمەڵگان، کە سەربەرز و شکۆمەندانە دەژین، بە پێچەوانەی کەسانی گەندەڵکار و بەدڕەفتار، کە شکۆی خۆیان لەدەست داوە. بۆ ئەوەی (شکۆ) کاروبارەکانی باش بڕوا بەڕێوە، ئەو کەسانەی، کە رێز و شکۆی شکۆمەندان دەپارێزن، ئەم پێداویستییانەی بۆ دێنن بریتین لە:

**یەکەم:**

**(چرای بەهێزی چاو)** بۆ چاودێریکردنی ناڕەواییەکان و کارە نادروستەکان.

**دووەم:**

**(دەم و دووی نەرمی دیوان)** واتە: گفتوگۆ نەرم و لەسەرخۆکانی دیوان. وشەی دیوان واتا رووکەشییەکەی (دیوەخان) دەگەیەنێت، کە

نشینگەی پیاوی بەرز و دەستەڵاتدارە. واتا هونەرییەکەشی لە بریتی (بینایەی کۆبوونەوەکانی ئاشتیی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کورد) بەکارهێنراوە.

**سێیەم:**

(**هۆگربوونی باڵندەی کۆچەری**) واتە: هاتنە سەر هێڵی لادەرەکان و گیرسانەوەیان لەسەر مێزی ئاشتی.

**چوارەم:**

(**کرانەوەی گوێچکەماسی**) کردنەوەی کێشە و گرفتە داخراوەکان و ئاشکراکردنی نیازە خاوێنەکان.

**پێنجەم:**

(**بەشە هەتاوی نەشونمای بۆ دەهێنن**) گەشەکردنی ئازادیی رادەربڕین و پێیان لە هەڵەکان و سەپاندنی راستی و دروستی لە جێگایاندا.

دوای هێنان و دەستەبەرکردنی ئەو پێداویستییانە شاعیر بۆ خۆی دەڵێ:

**(بەدوای ئەو بەشە هەتاوە چووم)**

شوێن ئەو بەشە هەتاوە پیرۆز و بەنرخە کەوتم، چونکە مەبەستم بوو بەوپەڕی دڵسۆزییەوە بە ئەنجامێك بگەم، بەڵام زۆر بەداخەوە:

(**وەك ئەوەی بەدوای تەرم و تابووتی دوا کەسمەوەبم**) وەها بووم.

لێرەدا دیسان شاعیر بێزارە، تائەوپەڕی بێزاربوون بەدەست گێرمە و کێشە سیاسییەکەوە و هێشتا بە کام و خواستی دڵی ئەم جێگای

نەگرتووە، بۆیە بە سۆزەوە ئاھ و حەسرەتی بۆ ھەڵدەکێشیٚ و ئەوەش دەزانێت، ئەو پرۆسەی ئاشتییە بە سەریاندا سەپێنرا و نەیانتوانی لاری لەگەڵدا بکەن. ئەگینا وا لیٚ نەوی بوون یەکتر بسڕنەوە.

دوای ئەوە، کە بەو چەند دێڕە قسەی لەبارەی (ئەستێرە)وە کرد، لێرەوە دێتە سەر قسەکردن لەبارەی (مانگ)ەوە. دەڵیٚ:

**(مانگ لەناو دەستمدا خۆی خزاندە تەنکایی ئاو)**

ئاو لای سۆفی و عاریفەکان بریتییە لە (مەعریفە) بەتایبەتی لە ڕیٚ و ڕچەی یارسانییەکاندا = کاکەیی، دوای قوربانیکردن و خواردنی گۆشتەکەی لەسەر ھەر یەکیٚ لە جەمنشینان پێویستە ئاوی بەدوادا بخورێتەوە، ئەم ئاوە ناوی دیکەشی ھەیە، وەك (ئاوی چەرخ = ڕۆژگار، شەربەتی وەحدەت، شەربەتی شا)[6].

شاعیر بە وشەی ئاو، کە باسمان لێوەکرد، پەیوەندییەك لەگەڵ (**بابا تاھیر: 137 - 1010**)دا دروست دەکات، کە یەکێکە لە گەورە پیاوانی ڕێبازی یارسانییەکان و دڵبەندی شا خۆشێن = شا موبارەك بووە[7]. لە بەرەو کۆتایی قەسیدەکەشدا دەگەین بەناوی پیرۆزی ئەو زاتە.

**(لە دڵم دەچوو**
**دڵم لەناو سنگم بێت**
**یان لەسەر زەوی وەك یەك وایە و یەك کێشیشی ھەیە)**

ئەم سیٚ دێڕەی سەرەوە ڕاڤەیەکن لەبارەی وشەی (مانگ)، کە وەك دڵم وایە، دڵم لەناو سنگمدا بێت، یان بکەوێتە سەر زەوی ھیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕیٚ ھەر ئەو دڵەیە، کە ھەمە و بە ھیچ شێوەیەك

گۆرانی بەسەردا نایەت، مانگیش لەسەر لەپی دەستم بێت، یان نەبێت و خۆی بخزێنێتە ناو تەنکاوێکەوە، هەر مانگە و هیچی تر. وەك چۆن دڵم لە سنگمدا بێ، یان لێم بکەوێتە سەر زەوی، هەر ئەوەیە بەبێ هیچ گۆڕانێك. مانگیش، هەروەها هیچ نرخ و بەهایەکی خۆی لە دەست نادات، لەکاتێکدا، کە بکەوێتە ناو تەنکاوێکەوە. مانگ بکەوێتە ناو ئاوەوە، برەو بە مەعریفی دەدات، دڵی منیش بکەوێتە سەر زەوی، ئەوا زەوی پەروەرە و لەناو خاکدا حلول دەکات.

شاعیر لە دوای مانگ دێتە قسە لەبارەی (خۆر)، پێشتر ئەوەی دیاری کرد (دڵی بکەوێتە سەر زەوی) با بزانین کام پارچەی زەوی دەڵێ:

**(دەکەوێتە ئەو شوێنەی زەوی**
**کە خۆر تێیدا هێز دەداتە**
**ڕەز و**
**باڵ و**
**گوان)**

ڕەز هێمایە بۆ هەموو درەختەکان، هەروەك چۆن باڵ و گوانیش هێمان بۆ سەرجەم باڵندە و ئاژەڵەکان. واتە: بە سێ هێما هەر هەموویان دەکاتە کەرەسەی قەسیدەکەی، کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە سروشتەوە هەیە و شاعیر بە مەبەستی خۆی هێناونی. هەرسێکیان هەریەکە و بە بەرهەمی خۆیان ژیان خۆش دەکەن.

قەسیدەکە بەرەو کۆتایی دەچێت و جارێکی دی دووچاری ئازار دەبێت و دەڵێ:

**(برادەرانم بابا تاهیر و هوما**
**لە ئاسمان مەیەنە خوارەوە**
**چاوی کوشتن و بڕین هێشتان نەنووستووە)**

هوما = باڵندەیەکی ئەفسانەییە و لەبارەیەوە وتراوە، کە سێبەری بکەوێتە سەر هەر کەسێك کامەرانی و بەختەوەری دەبێتە مایەی. لای شاعیرانی کلاسیکی رۆژهەلات گەلێ جار ناوی هاتووە. شاعیر (بابا تاهیر) و (هوما) دەکاتە دوو هاوڕێی خۆی، یەکەمیان باسمان کردووە بۆ چ مەبەستێکە و دووەمیشیان بە مەبەستی ئەفسانە هێناویەتی و لە ناواخندا ئەوەمان پێدەڵێت، کە بە بۆنەی شەڕ و نەهامەتییەکانی پاش جەنگەوە ئەم ناوچە گچکەی ئێمەش شێوەی ئەفسانەیی وەرگرتووە، واتە: رەوتە سیاسییەکە دوور لە واقیعی خواستی خەڵك و نزیك لە خەیاڵپلاوی. تکایان لێدەکات لە ئاسمان ئەو شوێنە بێگەرد و خەوشە دامەبەزن بۆ ئەم سەرزەمینە نەنگ و تەنگ کراوەی ئێمە. دامەبەزن، ئێوە نموونەی بەرجەستەی خاوێنین و خۆتان مەگلێنن بە لیتاوی ئێرەوە، چونکە منی هاوڕێتان دڵشکاوانە و دڵبریندارانە تێیدا دەژیم، چونکە هێشتا کوشتن و بڕین گورزی دەستی پاڵەوانەکانی جەنگە. تکایە دامەبەزن، چونکە هێشتا ناوچەکەمان نەبووەتە بەهەشتێکی ئارام، کە ئێوەی فریشتە تێیدا بژین. لەگەڵ دەربڕینی بێزارییەکەیدا دەبینین وەك ئەوەی، کە خۆی بە ئاوات دەیخوازێ، پێمان دەڵێ:

**(دڵتان نەیەتە سەر لێوانتان**
**زەوی دەموچاوی گەش و گەرمە و ئەسپ بەو ناوەدا**
**تێدەپەڕن**
**خۆریش بە ئاڵۆزی لە دایك نابێ و لە سواران نادا**
**بابا تاهیر مووروویەك لە نێوانماندا بزر بوو**
**مووروویەکیش لە مشتووی خەنجەری هوما کەوت)**

ئەم دوا کۆپلەیە لەگەڵ کۆپلەی پێش خۆیدا دژ بەیەکن، لەوێ دەڵێ: (**مەیەنە خوارەوە**) لێرە دەڵێ: (**زەوی دەموچاوی گەش و گەرمە**). لەوێ دەڵێت: (**چاوی کوشتن و بڕین هێشتان نەنووستووە**)، لێرە دەڵێ: (**خۆریش بە ئاڵۆزی لە دایك نابێ**) بەگشتی لەوێ قەڵسی و نائومێدی هەیە، کەچی لێرە ئارامبوونەوە و ئومێدەواری، هەروەها سەرم لە وشەی (موورووو، مشتووی خەنجەر) دەرناچێ و نازانم موورووو چ نهێنی و رازێکی لە پشتەوەیە و ناشزانم خەنجەر و هوما چ بیر و ئایدیایەك کۆیان دەکاتەوە. بەهەرحاڵ دەبێتە پرسیارێك لە خودی زمان و چێژی زمان بەدیهێناوە، دیوێکی تری فەنتازیا و شیعرییەتمان پێشکێش دەکات.

# پاشکۆی

# (1)

لە خوێندنەوەی قەسیدەی **(لە کتێبخانەی تایبەتی باباتاهیردا)** ئەم خاڵانەی خوارەوە خۆیان ڕوون دەکەنەوە و داوامان لێ دەکەن بیانناسین:

**یەکەم:**

شاعیرانێک، یان نووسەرانێک، کە سروشت دێننە ناو نووسینەوە لە کۆنەوە هەبوون و بۆ جوانی بێت، یان بۆ بابەتی ڕەوانبێژی سوودیان لە ڕەگەزەکانی سروشت وەرگرتووە. لە ئەوروپا ناتۆرالیستەکان ئەوەیان لە بەرنامەی خۆیاندا جێگیر کرد، کە (سروشت بخرێتە ناو چوارچێوەی ئەدەبیاتەوە) **سەباح ڕەنجدەر**یش بە وردی پەیڕەوی ئەو بەرنامەیەی کردووە و ڕەگەزەکانی سروشت لەناو دێڕە شیعرەکانیدا جیلوەیان دێ. شایانی گوتنە، ئەو ڕەگەزانەی بەکاری هێناون لە قاڵبی (خوازە و کینایە)دان و جوان ئامانجەکەی پێکاوە، ئەگەر دەست لەسەر ئەوە دابگرین، کە ڕەگەزەکانی سروشت لەم قەسیدەیەدا ڕست بکەین، ئەوە کارێکی پێویست نییە و خوێنەری وریا خۆی لە شیعرەکە و لێکدانەوەکەیدا بە باشی هەست بە ناتۆرالیست بوونی شاعیری ئەم باسەمان دەکات.

**دووەم:**

شیعرێکی سیاسیی هونەری و بەرزە، هونەر و بەرزییەکەی لەوەدایە دەستی بۆ دروشمی زەقی سیاسی نەبردووە و راستەوخۆیی تێدا نییە، بەڵکو لەژێر لێوەوە قسان دەکات، بەڵام ناڵە و هاواری بەرز دەبیستین، جۆش و خرۆشی تێدایە و بۆ نووسین و بەدیهێنانی، سیاسییانە گوڕی بەخۆی داوە، بەڵام جۆش و خرۆشەکە لەژێر پەردەی جوانیی هونەردایە و سادە و پاراون، بەڵکو بەرگی خوازە و کینایە و نەرم و نیانییان پۆشیوە. لە شیعری کلاسیکیماندا چەندان شاعیرمان هەیە، کە شیعری سیاسییان نووسیوە، بەڵام من بۆ خۆم شیعرە بەناوبانگەکەی (**شوکری فەزڵی: 1882 - 1922**) دڵی گرتووم و لە شوێنی خۆیدا قسەم لەبارەوە کردووە.

ئیش کە ئێستە رووی لە هەورازە سەرەولێژی نەکەی

بیری وردیشی ئەویٚ هەر بە دووعا و نوێژی نەکەی.....تاد.

ئەو شیعرە زۆر جوان حیکایەت لە پشێوییەکەی ناو حکومەتی (**شێخ مەحموودی حەفید**) دەکات و دەست دەخاتە سەر خاڵە ڕەش و گەشەکان.

لە شیعری نوێشماندا یەکەمین شیعری سیاسیی هونەری، کە دڵ و هەناوی گرێدام بەخۆیەوە شیعری: (وەرە خواریٚ ئەی خواکەی غەریبان لە کلکەی هەوری ئاڵەوە وەرە خواریٚ)ی (**ئەنوەر قادر محەمەد: 1947**) بوو، زۆر هونەرییانە حیکایەت لە نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول دەکات، (**سەباح ڕەنجدەر**)یش لەم شیعرەیدا هاتووەتە مەیدانی سیاسەت و هونەرمەندانە شەڕی ناوخۆی کورد بە درێژایی مێژوو راڤە دەکات.

**سێیەم:**

شاعیر لە پاڵ شیتەڵکردنی سیاسەتدا، یان بە شیعرگوتن سیاسەتی ساڵانێکی بۆ دارشتووین، کەچی هەروەکو بەناوونیشانی شیعرەکەدا دەردەکەوێ و تا گەیشتن بەهەندێك وشە و دەستەواژە رۆحێکی سۆفییانەی تێدا دەدرەوشێتەوە، واتە: قەسیدەکە سێکوچکەییە (سیاسەت، سۆفیگەری، هونەری دارشتن) ئەمەش وای کردووە، کە شیعرەکە تای تەرازووی سەنگینتر بێت لە شیعرە سیاسییەکانی دیکە.

**چوارەم:**

لە خوێندنەوەی قەسیدەکەدا، شاعیرمان وەك کەسێکی گیرخواردوو دێتە پێش چاو لە نێوان (ئومێد و نائومێدی)دا. هەندێك جار رەشبینە و دڵ بە ئازار، هەندێك جاریش گەشبینە و خەندان. بەوەشدا دەردەکەوێ، کە بە دڵەراوکەوە قەسیدەکەی نووسیوە، لەم بارەوە با خوێنەریش لەگەڵمان بن و بڕیاری خۆیان بدەن.

سیاسەت بۆ خۆی پڕە لە دڵەڕاوکە، چونکە هەر رۆژەی بە هەوایەك سیپاڵی خۆی دەگۆڕێ، واتە: بەتایبەتی سیاسەتی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوین، کە هێندەی شارەزاییمان لەبارەیەوە هەیە، ئەو دڵەڕاوکە و ناسەقامگیری و گۆڕانی ئاراستە لە بارێکەوە بۆ بارێکی دی بوونی هەیە. ئەمەش راستەوخۆ کاری لە هزری شاعیر کردووە و بۆیە شیعرەکەی دووفاق دەبینرێ.

**پێنجەم:**

ئەمە سێیەمین جارە لەبارەی شیعری ئەم شاعیرەمانەوە دەنووسم. لەگەڵ دڵبەندیم بە شیعرەکانیەوە، شتێکم لەلا بۆتە گرێ، ئەویش ئەمەیە، کە هەندێ جار لە نووسیندا دووچاری گرفت دەبێت، کە بریتییە لە ساتمەی زمان. واتە دانانی هەندێك وشەی زیادە، کە هونەر لە چنگ شیعرەکە هەڵدەپرووکێنن، یان هەندێ جار وشەیەك دادەنێ، کە لە جێگای خۆیدا نییە و ئاڵۆزییەك دەخەنە ناو شیعرەکەوە. وەکو دەڵێ:

**(گوێڕایەڵە و دان لەسەر دەستی نانی نانی دەخوات)**

گوێڕایەڵ بۆ کەسی ژێر بەکاردێ، شاعیر لەو دێڕە و دێڕەکانی پێشەوەدا تووتی دادەشۆرێ، کەواتە (گوێ لە مشت) راستە، بە واتای گوێی لە مشتی کەسانی دیکەدایە و خۆی هیچی پێ نییە.

یان دەڵێ:

**(سەر لەڕێیە و رووگەنمای دادەخا)**

رووگەنما = قیبلەنما، ئەم ئامێرەش دادەنرێ، داناخرێ. بەرماڵ دادەخرێ.

یان دەڵێ:

**(بۆنی هەڵووژەی ترش و مزر)**

ترش و مزر زیادەیە، چونکە، کە گوترا هەڵووژە ئیتر ترش و مزر ئامادەییان هەیە.

یان دەڵێ:

**(تەمەنی جوانوویی لەناو دڕکی دەم تیژ و نزیك گورگ گوزەراندووە)**

(دەم تیژ) نەگوتنی باشە، چونکە هەموو دڕکێ نووکی تیژە و دڕکی دەم کول نییە.

یان دەڵێ:

**(ژیان رووی خۆش کرد و بزەیەکی نواند)**

رووی خۆش کرد زیادەیە (ژیان بزەیەکی نواند) دروستە. چونکە بزە لە رووی خۆشدا دروست دەبێت. ئیتر وتنی (رووی خۆش کرد) دەبێتە بار بەسەر شیعرەکەوە.

یان دەڵێ:

**(ئێمە هەموومان بێدەنگی خودامان نووسییەوە**

**ئێمە هەموومان بێدەنگی خودامان نووسی)**

بۆ دەست پێوەگرتنی ئیجاز ئەو دوو دێڕە بەم شێوە داڕێژرێ هونەر لە خۆی دەگرێ:

(ئێمە هەموومان بێدەنگی خودامان نووسییەوە و نووسی)

بە دوایدا دەڵێ:

**(ئێمە هەموومان بێدەنگی خودا دەنووسینەوە**

**ئێمە هەموومان بێدەنگی خودا دەنووسین)**

لێرەشدا بە پێوانەی سەرەوە (ئێمە هەموومان بێدەنگی خودا)ی دووەم زیادەیە و دوورن لە کورتبێژییەوە.

لەبارەی شاعیر و وشە و ساتمەی زمانەوە لێکۆڵینەوەیەکم هەیە لە کۆڕێکدا لەشاری (سلێمانی) خوێندوومەتەوە لە دەرفەتێکدا بڵاوی دەکەمەوە.

ساتمەی زمان لای زۆر لە شاعیرانی کۆن و نوێمان هەیە، من لەو لێکۆڵینەوەی لە شاری سلێمانی خوێندوومەتەوە قسەم لەبارەی شاعیرە کەڵەکان کردووە، دانەبەزیوم بۆ ئاست شاعیرە کەم دەستەڵاتەکان، چونکە لای ئەمان هێندە زۆرە کتێبی سەربەخۆی دەوێ، هەروەها لە لێکۆڵینەوەکەمدا دەستم لەسەر شاعیرانی کلاسیك داگرتووە و نەهاتووم بەلای شاعیرانی نوێدا. وا بۆ روونکردنەوەی مەبەستەکە دوو نموونە لەبارەی دوو شاعیری کۆن و نوێ پێش چاو دەخەم تا دەربکەوێت، کە دانانی وشەیەك لە رستەیەکدا و جێگا نەگرێت چەند زیان بە پەیکەری شیعرەکە دەگەیەنێت. **(مەحوی)** دەڵێ:

پیری نەمامی باغی جوانیمی کردە پووش
تازەم درەختی **طوولی** ئەمەل دەردەکا چرۆ[8].

لەم بەیتەدا وشەی (پووش) جێگای خۆی نەگرتووە، چونکە نەمام، کە وشك بوو دەبێتە چیلکە. ئەوە گیایە دوای وشکبوون دەبێتە پووش. (لەباتی جوانیمی، جەوانیمی راستە بە واتای لاوی، گەنجێتی، جەوان فارسییە).

خۆ ئەوانەی، کە **(مەحوی)**مان بە وردی خوێندووەتەوە، دەزانین چەند بە خەمی دارشتنی وشە و تەرکیبات و رستەسازییەوە بووە، کەچی دەبینین لێرەدا ساتمەی زمان بەرۆکی گرتووە.

لە شیعری نوێشماندا لە **(گۆران)**ەوە تا بە ئێستا گەلێك جار رووبەرووی ئەم گرفتەی زمان دەبینەوە.

وا برووسکە شیعرییەکانی **(نەژاد عەزیز سورمێ: 1953)** بەرچاو رووناك دەکەنەوە. ئەم شیعرە کورت و خەستانەش چێژی خۆیان هەیە،

چونکە شاعیر تێیدا بەکەمترین ڕستە، واتایەکی جوان و مەزن دەدات بە دەست خوێنەرەوە. قسە لەبارەی ساتمەی زمانە و سەیرم لێهات شاعیر نووسیویەتی:

**کولێرەیەك**

**بەسەر کەللەسەرەکانەوەیە**

**کەس لە هاواری باران ناچی**

**باران لە مەیدانی شەڕدا بەتەنێیە**

**کلیلی دڵیان ڕفاندووە...**

**چاوە خومارەکان چاوەڕێی چین؟**

**چاوە خومارەکان بە دیار چییەوە دانیشتوون؟**

**باران لەمەیدانی شەڕدا بەتەنێیە.**

لەم شیعرەدا (چاوە خومارەکان)ی دووەم زیادە و لە چڕوپڕی شیعرەکەی کەم کردووەتەوە. شیعرەکە زۆر شاعیرانەیە و پڕ شیعرییەتە، بەڵام ئەم وشە زیادەیە زیانی بەجەستە و هێزی زمانی شیعرەکە گەیاندووە.

(**نەوزاد ڕەفعەت: 1951**)یش، لە هەندێك شوێندا وشەی لێ دەبینین، کە هونەریان لە چەنگ هەڵپڕووکاندووە و شیعرییەتیان لە دەست داوە، لاوازی زمان و ساردیی و سڕی هەست دەبینرێت. نموونە:

1 – شەماڵی فێنکی چەمی ڕاموسان

(فێنکی) زیادەیە، چونکە بای شەماڵ بۆ خۆی فێنکی بەخشە. وا جوان بوو لە شێوەی (دژیەکدا) وشەیەکی دیکەی لە جێگا دابنایە.

2- دەنگی دوعا و نزایەکی لە تاوێر بە تەمەنتر و

دوعا و نزا یەکێکن، ئەو عەرەبی و ئەم کوردی.

3- لق و پۆپ و چڵی عیشق

لق و چڵ یەکێکن. لق و پۆپی عیشق دروستە.

4- سەرپەلکە گیایەکی سەوز

گیا هەر سەوزە، کە وشك بوو، زەرد دەبێت و دەبێتە پووش، واتە: ناوەکەی لە گیاوە دەگۆڕێت بۆ پووش. کەواتە خەسڵەتی سەوز لەوێدا جێی نابێتەوە.

لەم پاشکۆیەدا، کە قسەمان لەبارەی ساتمەی زمانەوەیە ، وام پێ چاکە ، بۆ خزمەتکردنی (**سەباح ڕەنجدەر**)یش چاوێك بە هەموو لاپەڕەکانی ئەم کۆشیعرەیدا بەسەر ناوی (سروودی زەوی) **بخشێنمەوە**، بە هیوای سوود لێوەرگرتنی لە کاری ئایندەیدا. ساتمەی زمان لە شیعرەکاندا دەبنە دووبەش:

**یەکەمیان:**

دانانی وشەیەك، کە لە شیعردا جێی نابێتەوە و زیان بە هونەری دەربڕین دەگەیەنن.

نموونە:

**(کووچە و کۆلان و شار چی بەسەر دێت)** ل26

**دووەمیان:**

دوو وشەکەی سەرەتایە. یەکێکیان زیادە، بۆ شاعیرێکی چڕبێژی وەك (**سەباح ڕەنجدەر**) ناشێت. یان دەڵێ:

**(کەوی پەڕ و تووك خۆڵەمێشی بە شارێدا نارِوات)**

ل40

خۆڵەمێشی ڕەنگێکی سەپیوە بۆ پەڕ و تووکی ئەو باڵندەیە، ئەوە هونەر بوو لە شێوەی پارادۆکسدا وشەیەکی هونەریی بەکاربهێنایە.

یان دەڵێ:

**(مەترسیی سروشت**

**ئاگر کەوتنەوە**

**بورکان**

**هەڵبزرکانی مانگ)** ل52

قسە لەبارەی وشەی (بورکان)ە کە ئەمیش ئاگری لێدەکەوێتەوە، کەواتە لەگەڵ ئاگرکەوتنەوەدا واتایەك کۆیان دەکاتەوە، پێموایە لە جێگایدا (بوومەلەرزە، یان وشکە ساڵی) هونەریترە. چونکە ئەمانیش لە مەترسییەکانی سروشتن.

یان دەڵێ:

**(گۆرانی ئێسکی لەشی ئەو مرۆڤە دەتوێنێتەوە)** ل102

وشەی (لەش) زیادەیە.

یان دەڵێ:

**(لە ناسینی خودا و لە ناسینی تۆدا)** ل103

(ناسینی) دووەم زیادەیە، بەتایبەتی، کە دوای خودا پیتی (و) هەیە.

یان دەڵێ:

**(دەمەوێ بۆ شوێنێك برۆم**

**شوێنەکە تۆی ئەی شیعر)** ل104

له جێگای (شوێنه‌كه‌)، (ئه‌وێش) باشتر جێگا ده‌گرێ. ده‌ربڕینی (شوێنێك) و (شوێنه‌كه‌) زه‌وقی تێدا نییه‌. له‌ لاپه‌ڕه‌ (110)دا دووباره‌ كراوه‌ته‌وه‌.

یان ده‌ڵێ:

**(هه‌وری سه‌ر ئاو بێ په‌روا و سه‌رگه‌رمانه‌ ده‌گرمێنێ)** ل107

(هه‌ور - ده‌گرمێنێ) له‌ شیعری ئێستێتیكی دووره‌، بۆیه‌ له‌باتی ده‌گرمێنێ ده‌كرا وشه‌یه‌كی دیی هونه‌ری دابنرێ. وه‌ك (ده‌چڕێ، ده‌پرمێنێ، ده‌نركێنێ، ده‌بۆڵێنێ...) به‌مه‌به‌ستی لادان له‌ حاڵه‌تی سه‌پیو و باو. چه‌ند جوانه‌ له‌م دێڕه‌دا نووسیویه‌:

**(زمان له‌ناو بڵێسه‌ی گشت ده‌سته‌ڵاته‌كان داگیرسا)** ل109

له‌باتی (داگیرسا) و په‌یوه‌ند به‌ زمانه‌وه‌ بینووسیایه‌ (پڕا، هاته‌گۆ، په‌یڤی) ئه‌وه‌ هونه‌ری له‌خۆی نه‌ده‌گرت و وه‌ك (هه‌ور) و (ده‌گرمێنێ)ی لێده‌هات.

یان ده‌ڵێ:

**(زه‌وی رووی گرژ كرد و ده‌موچاوی به‌یه‌كدادا)** ل113

(گرژكردن و ده‌موچاو به‌یه‌كدادان) یه‌ك شتن و یه‌كێكیان زیاده‌یه‌.

یان ده‌ڵێ:

**(به‌ردی چله‌می هێلانه‌ی دانا)** ل113

(بەرد) و (هێلانە) بێ تەناسوبن. لەجیاتی بەرد پێموایە (جریوە) گونجاوترە.

وشەی زیادە، کە کورتکردنەوەیان زمان چڕتر دەکەنەوە و دوور دەبێ لە زیادەڕۆیی.

نموونە وەکو:

**(ئەی ئەفسوونی دڵ چاوت هاوتای هێلانەی ئاوەدانی باڵندەیە**
**ئەی ئەفسوونی دڵ چاوت هاوتای ئاوێنەی دەستگێڕی بەردەمی بووکە**
**ئەی ئەفسوونی دڵ چاوت هاوتای بەردەنووسی وێنەداری باپیرانە)**
ل41

(ئەی ئەفسوونی دڵ چاوت هاوتای) دووەم و سێیەم زیادەن. لام وایە بەم شێوەیە بوایە هونەریتر دەبوو.

(ئەی ئەفسوونی دڵ چاوت هاوتای هێلانەی ئاوەدانی باڵندەیە و ئاوێنەی دەستگێڕی بەردەمی بووك و بەردەنووسی وێنەداری باپیرانە)

یان نووسیویە:

**(گۆرانییەك بۆ ئاکاری ئەم ژوورە**
**گۆرانییەك بۆ تیشکی ناو دەنووکی باڵندەی راهێندراو بۆ خۆشخوانی**
**گۆرانییەك بۆ حیکمەتی یەکەم سڵاو**
**گۆرانییەك بۆ لاو لاوی رەنگ مردووی سەر دیواریماڵێکی بڕدراو)**
ل51.

سێ (گۆرانییەك)ی دوای یەکەم دووبارەکردنەوەیە، کە خۆش بەگوێ ناخوات. وا بنووسرایە چاکتر بوو:

(گۆرانییەك بۆ ئاكاری ئەم ژووره
بۆ تیشكی ناو دەنووكی باڵندەی راهێندراو بۆ خۆشخوانی
بۆ حیكمەتی یەكەم سڵاو
بۆ لاولاوی رەنگ مردووی سەر دیواری ماڵێكی بڕدراو)

یان دەڵێ:

**(پێغەمبەرێك رووەو ماڵی خۆی دەڕوا**
**دڵی بەخێراییەكی سەیر لێدەدا**
**كەروێشكێك رووەو ماڵی خۆی دەڕوا**
**دڵی بەخێراییەكی سەیر لێدەدا**
**نەهەنگێك رووەو ماڵی خۆی دەڕوا**
**دڵی بەخێراییەكی سەیر لێدەدا**
**لەبیركراوێك رووەو ماڵی خۆی دەڕوا**
**دڵی بەخێراییەكی سەیر لێدەدا)** ل64

چەند پاتكردنەوەی ئەو رستانە لە شێوازی ڕوونی شاراوە، یان شاراوەی ڕوونی (**سەباح ڕەنجدەر**)ەوە دوورن. ئایا ئەگەر كۆپلەكە بەم شێوەی خوارەوە دابڕێژرایە هونەری و چڕوپڕتر نەدەبوو.

(پێغەمبەرێك، كەروێشكێك، نەهەنگێك و لەبیركراوێك
بەرەو ماڵی خۆیان دەڕۆیشتن و
دڵیان بە خێراییەكی سەیر لێیدەدا)

یان نووسیویە:

**(گوڵدان**

**لەسەر لێوی پەنجەرە**

**لامپا**

**لەسەر لێوی پەنجەرە**

**دیوان**

**لەسەر لێوی پەنجەرە**

**شەمێ**

**لەسەر لێوی پەنجەرە)** ل72، 73

ئەگەر بەم شێوە دابڕێژرایە ئەوا هەناسەی شیعرەکەی سوار نەدەکرد.

گوڵدان، لامپا، دیوان و شەمێ

لەسەر لێوی پەنجەرە.

بە هەمان شێوە ئەم دوو کۆپلەی خوارەوەش دەتوانرێ چڕبکرێنەوە.

**یەکەم:**

**(چۆنت ویست ئاوها ڕێگات لەژێر پێدا کشا**

**و سێبەری دەستم لەسەر سەر ڕاگرتی**

**چۆنت ویست ئاوها ماڵئاواییم لێ کردی**

**چۆنت ویست ئاوها تۆڕم هەڵدایە ناو ئاو)** ل79

**دووەم:**

**(ئەو دارەی تەمبووری لێ دروست کرا**

**ئەو دارەی تابووتی لێ دروست کرا**

**ئەو دارەی پەیژەی لێ دروست کرا**

**ئەودارەی فەلاقەی لێ دروست کرا)** ل95

# پاشکۆی

# (2)

ناوی حاجی لەقلەق و شەهیدکردنی لە قەسیدەکەدا هاتووە، هەروەها لە ئەزموونی ئەم شاعیرەدا بایەخی زۆر پێدراوە و بە گرینگی وەرگیراوە. دوای ڕووداوەکە لە هەموو کۆشیعرەکانی بە تاسە و برین کولانەوەوە دووبارە دەبێتەوە و وەك کاردانەوەیەکی چارەنووسساز و بیرکردنەوەیەك هەمیشە، بەشێوەی جیا جیا دەگەڕێتەوە سەری و بەگۆڕانکارییەکی تر، لەسەر ئاستی فۆرم و بابەت وەك: ڕاستی بوون و بوونی مرۆڤ وەریدەگرێتەوە، ڕەنگیشە بە درێژیی تەمەنی، بە بیرکردنەوەی داهێنەرانە کاری لەسەر بکات.

# پاشکۆی

# (3)

لە شیعری کلاسیکیماندا خەرمان بەرەکەت داهێنەرمان زۆرن، بەڵام نابینین کەسیان ناویان لە تاکە شیعرێکیان نابێت. تەنیا ئەوەندە هەیە لەناو دەستنووسەکاندا دەبینین هەندێك شیعر لەسەریان نووسراوە (**مرثیه**، ترجیع بند، بهاریات، مخمس، رباعی، فرد، مستزاد)، کە ئەمانەش هیچیان ناونین بۆ شیعرەکە، بەڵکو دیاریکردنی شیعرەکەیە بەپێی ئەو بەشانەی سەرەوە.

لە شیعری کلاسیکیماندا یەکێتی بابەت دەگمەنە دەگمەن، ئەگەر شیعری یەك بابەتیشیان تێدا بێت، ئەوا هەر بەیتە و سەربەخۆیی خۆی هەیە. لەم رووەوە هەروەك: (**سەباح ڕەنجدەر**) خۆی ئاماژەی پێداوە لە شیعرەکانیدا سوودی لە شاعیرانی کلاسیك وەرگرتووە. واتە لادان لە یەك بابەتی، یان ئەگەر بابەتەکەش یەکێك بێت هەر کۆپلە و ڕەنگێکی هونەریی خۆی هەبێت. واچاك بوو ناوی لە شیعرەکانی نەنایە و لەمەشدا پەیڕەوی شاعیرانی کلاسیکی بکردبوایە.

ناولێنانی شیعر لە قۆناخی دوای کلاسیکەوە، واتە: گواستنەوە بەرەو نوێخوازی، هاتە کایەوە، لەم بارەوە ئەگەر ناوی شیعرەکانی (**گۆران**)ی گۆڕانکار بهێنینەوە ناوەوە، ئەوا دەتوانین قسە لەبارەی ئەم خاڵانەوە بکەین.

**یەکەم:**

هیچ یەکێ لە ناوی شیعرەکانی (**گۆران**) بە ئەندازەی دوو شاعیری هاودەورەی خۆی زەوق و شەوق و ڕەونەقی هونەرییان تێدا نییە. ئەوەش

وەك: (**أنشودة المطر** = سروودی باران)ی- (بدر شاكر السیاب)ی عەرەب و (صدای پای آب = خوڕەی پێی ئاو)ی (سهرابی سپهری)ی فارس.

**دووەم:**

ناوی لە شیعر ناوە بۆ ئەوەی شیعرەکەی بێناو نەبێت، بەڵام هەندێك جار لەناو شیعرەکاندا تەرکیبی هونەریی وەهایان تێدایە، کە جوان جوان بۆ ناولێنانی شیعرەکە دەشێن و دەبن بە جووڵەی بنەڕەتیی دەق، ئەوانیش کەمن، بۆ نموونە: مەلی دڵ/ شیعری سکاڵا، ل24. ئاسکە نیگای چاو/ شیعری جوانی لە لادێ، ل33. کانیی سیحر یا دەریای عیشوە/ شیعری لە درزی پەچەوە، ل35. دۆزەخی غوربەت/ شیعری بۆ گەورە کچێك، ل41. نموونەی دیکەی لەم چەشنە هەن و هەموو خوێنەر بە (**دیوانی گۆران**) ئاشنان.

**سێیەم:**

هەندێك ناوی دیکەی لە شیعرەکانی ناوە، کە هەر بە خوێندنەوەی ناوەکەدا زۆرێك لە ناوەرۆکی شیعرەکەت دەداتە دەست. نموونەش وەکو شیعری لە سەرەمەرگی هیوادا، ل93. خۆزگەم بە پار، ل21. لە درزی پەچەوە، ل34. ناڵەی بێکار، ل199. قالە مرد، ل212. ئەنجامی ئەژدەهاك، ل352.

(سەباح)یش هەندێك لە ناو و ناونیشانەکانی شیعرییەتیان تێدا نییە. وەك: (شەڕی چل ساڵە)، (جەنگنامەکان)ی کۆنمان وەبیر دێنێتەوە. (سەد و یەکشەوە)، (الف لیلە و لیلە) دێنێتە یاد. ئەمانە لە کوێ و ئەو ناوە هونەرییانەی دیکە لەکوێ. وەك: (مردوویەك ئاگای لە هەمووانە)، (زمان و دڵی مانگ)، (کووپە لە میوانداریی ماسیدا).....تاد، نازانم هەر شیعرە

و ناوی لێدەنرێت، رەنگە لە کۆی شاعیرانی نوێماندا ناو هەبێت لای چەند شاعیرێك دووبارە بووبێتەوە، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی دیکەشەوە شیعر ئەگەر ناونرا، زۆر پێویستە شەوقێکی هونەریی وای تێدا بێت، کە دڵ و هەناوی خوێنەری وریا بگرێت، نەك هەندێك ناوی سادە و ساکاری ناشاعیرانە، کە نابن بە جووڵەی بنەڕەتیی دەق.

لە شیعری نوێماندا دوای سەرهەڵدانی (روانگە: 1970/4/25، ژمارە (15)ی ڕۆژنامەی هاوکاری: **شێرکۆ بێکەس، حوسێن عارف: 1936، جەلالی میرزا کەریم: 1935 – 1993/1/14، کاکەمەم بۆتانی: 1937، جەمال شارباژێڕی: 1941**). (**فەرید زامدار: 1952**) وازی لە ناولێنانی شیعر هێنا، ئەمە جگە لەوەی کارێکی باشی کرد، ئەوەشمان پێدەڵێت، پێویستە شیعر ئەوەندە فرەچێن بێت، خۆی لای خوێنەری وریا ناو دروست بکات. دوای ئەمە لە کوردستانی رۆژهەڵاتیش (**ئازاد رۆستەمی**) ئەو سیستەمەی پەیڕەوکردووە و ناوی لە هیچ شیعرێکی نەنا. ئایا ئەم دوو شاعیرە بەو کارەیان هیچ زیانێکیان بە شیعرمان گەیاند. لە وەڵامدا دەبێ بڵێین نەخێر، بەڵکو خستنیانە سەر ئەوەی، کە شیعر گیانلەبەر نییە ناوی لێ بنرێت، شیعر رۆحلەبەرە، بەڵام لە سکەوە نایەتە دەر، بەڵکو زادەی خەیاڵ و تێفکرینە و ئیتر ئەوە دەبێ خوێنەری وریا لە خەیاڵ و فیکریدا ناوی بێتە دەست. ناونان لە کۆشیعر، یان دیوان کارێکی پێویستە: ئەمیش بە دوو شێوە، یان ناو بنرێن دیوانی فلان، یان ناوێکی هونەرییانەی سەردەمییانەی واتادارانەی لێ بنرێت، کە خوێنەری وریا رێنوێنی بکەن بۆ ناو شیعرەکان. لە شیعری دوای (**گۆران**)ەوە هەندێك ناوی شیعریی درەوشانەوە، پێویستە لە

(**شێرکۆ بێکەس**)ەوە دەست پێبکەین، کە لە (تریفەی هەڵبەست) و (کەژاوەی گریان)ەوە، گەیاندی بە (من تینوویێتیم بەگڕ ئەشکێ)، یان (**لەتیف هەڵمەت: 1947**) لە (خودا و شارە بچکۆلەکەمان) و (ئەو هۆنراوەیەی کە تەواو دەبێ و تەواو نابێ)یەوە، گەیاندی بە (گەردەلوولی سپی)، یان (**عەبدوڵڵا پەشێو**) لە (فرمێسك و زام) و (بتی شکاو)ەوە، گەیاندی بە (شەو نییە خەونتان پێوە نەبینم)، یان (**فەرهاد شاکەلی: 1951**) لە (پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی) و (هەموو رازی من ئاشکرایە و هەموو ئاشکرای تۆ راز)ەوە، گەیاندی بە (ئەم چرایە دڵم رووناك دەکاتەوە و تەمەنم دەسووتێنێ)، یان (**رەفیق سابیر**) لە (پشکۆکان دەگەشێنەوە) و (سووتان لەبەر باراندا) گەیاندی بە (روونبوونەوە)، یان (**ئەحمەدی مەلا: 1957**) لە (زەردك) و (ئاسمانمان لە شەقەی باڵ بێزار کرد)ەوە، گەیاندی بە ( خەونەکانی زولەیخا) ، یان (**جەلال بەرزنجی: 1953**) لە (سەمای بەفری ئێواران) و (یادەوەی کەسێکی بەربا)ەوە، گەیاندی بە (هەوڵدانێکی تر بۆ گرتنی مەواکان) .....تاد.

(**سەباح ڕەنجدەر**)یش شیعرەکانی پڕن لە رەمز و راز، بە زمانی کۆد قسە دەکەن و کلیلەکەیان لای خوێنەری نموونەییە، بۆیە هەر بەبێ ناو بوونایە چاکتر بوو، چونکە شیعرەکان بەو چڕوپڕیەی خۆیان هەندێك ناو دێننە زەینی خوێنەرەوە. شیعر کە ئەوەی لەباردا بێت هونەری باڵادەست ببەخشێ، ئیتر چ پێویست بە ناو هەیە.

زۆرێك لە ناوەکانی شیعر، وەك هەندێك مانشێتی وتاری سیاسی وان، بە خوێندنەوەی مانشێتەکە ناوەرۆکی شیعرەکەت لە لا بەرجەستە دەبێت و تێدەگەی مەسەلە و ڕووداوەکە چییە و ماوەی تێڕامان و وردبوونەوە بۆ

خوێنەر نامێنێتەوە، یان لە بنەڕەتدا ماوەی تێڕامان لە پێکهاتەی شیعرەکەدا نییە. بۆیە بە تایبەتی ناوی لەم جۆرە زیان بە شیعر دەگەیەنێت. بۆ نموونە شیعرێکی (**نەوزاد ڕەفعەت**) بەسەر دەکەینەوە بەناوونیشانی (**مەهاباد**).

هەموو شەوێکی سی و یەکی مارت
برووسکەی دەنگێك
شاری مەهاباد ڕادەهەژێنێت:
((با پاش مەرگی من
کچان چاوی جوان بەگریان نەشۆن
خەمم بۆ نەخۆن
با لەجێی شین و پرچ کردنەوە
خۆڕنینەوە
هەڵسن وڵاخان بۆ سواران زین کەن
بۆ هەمان هەوار بەڕێیان بخەن))
سبەینێش هەموو خەڵك دەبینن
شار دار و بەردی
کووچە و دیواری
بەخوێن پاراون
بە زەبر و زەنگی ئەرتەش تەنراون

زمانی شیعرەکە، زمانێکی لەکارکەوتووە. گەز و پێوانەی ئەدەبیش پێمان دەڵێت: ئەو ناولێنانە زیادەیە، جۆرێك کەم تێگەیشتن و کەم زانیارییە لەبارەی هونەری شیعر و شیعرییەتەوە، چونکە:

**یەکەم:**

شەوی 31ی مارتی هەموو ساڵێك دەزانین، کە لەو شارەدا چی ڕوویدا.

**دووەم:**

ڕستەکانی ناو کەوانەکان بە شیعرکردنی وەسیەتنامەکەی شەهید پێشەوا (**قازی محەمەد**)ە و ئەو وەسێتنامەش لەڕووپەری مێژووەکاندا هەیە و زانراوە.

**سێیەم:**

لە دوا دێڕدا وشەی (ئەرتەش) بەکارهاتووە، کە وشەیەکی فارسییە بە واتای سوپا، یان سەرجەم ڕێکخراوی سەربازی، کە ئەمانەش ئەم کارە نامرۆڤانەیان ئەنجام داوە.

ئیتر نازانم لەم شیعرەدا ناوەکە چ شیعرییەت و ئێستێتیکایەکی تێدایە و دەیەوێ چیمان پێ بڵێت. ئایا ناوی وا نەبوونی باشتر نییە، لە هەبوونی.

لە شیعری کوردیدا (نالی) قسەی یەکەمی کرد، ئێمەمانان دەبێت لە دڵمانەوە سوپاسی ئەم شاعیرانە بکەین، کە هەریەك لە قۆناخی خۆیدا قسەی یەکەمی کردووە. بێ ئەوەی لێیان بێزاربین، بەردەوام ئەو ئاشقە گەورە و ڕاستەقینانە دەخوێنینەوە، کە قسەی یەکەمیان کردووە. (**سەباح ڕەنجدەر**) یەکێکە لە ئاشقە گەورە و ڕاستەقینەکانی شیعری کوردی، کلیلی نهێنی ئەشقی دۆزیوەتەوە، شوێنپێی لەسەر وشەدا دەمێنێت.

**هەڵەبجە 2014**

## سەرچاوە:

1- هفتەنامە، اوای غرب- شمارە صفر، ل3-1370، کرمانشاه.

شعر= بهرام مهدوی.

2- گۆڤاری (واتە) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەدی شاملوو، سازدانی بەڕۆژ ئاکرەیی، ژمارە (22)، ل375.

3- دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و لەسەر نووسینی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، چاپخانەی النجاح، بەغدا، 1961، ل538.

4- عاشق هەمیشە تەنیایە، ژیان و شیعری سوهراب سپێهری، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، چاپی نوێ، چاپخانەی تاران، تاران، ل22، 23.

5- ترجمان الاشواق، ابن العربي، وەرگێڕانی بۆ فارسی: دکتور گل بابا سعیدی، ل485.

6- سرسپردگان، سەیید محەمەد خواجەدین، چاپ دوم، 1359 تهران، ل74.

7- ناوی شاخۆشێن لە هەموو سەرچاوەکانی یارسانیدا هاتووە و تەمەنی وا دیاری کراوە (1015 - 1076 زایینی). بابا تاهیر لە شیعرێکیدا کە بە شێوە زاری لەکی نووسیویەتی دەڵێ:

م تاهیر لەکم ئیعجاز دیرم

م شاهێ چو خۆشێن هەمڕاز دیرم

م مەعشوقێ وەنامی فاتمە لوڕ

سنەوبەر قامەتێ پڕ نازدیرم

لەم چوارینەدا دڵبەندبوونی بابا تاهیر بە شاخۆشێنەوە باش دەردەکەوێت.


8- دیوانی مەحوی، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، چاپی دووەم، ئۆفسێتی حسام، بەغدا، 1984، ل254.

9- نەژاد عەزیز سورمێ، تاڤگەی مەند و ئەوانی تر (کۆبەرهەم)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر 2005.

10- نەوزاد ڕەفعەت، پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە (کۆبەرهەم)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر 2004.

11- سەباح ڕەنجدەر، سروودی زەوی (کۆشیعر)، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، چاپخانەی هێڤی، هەولێر 2012.